# دیدی مەولەوی بۆ چەسپاندنی سیفاتی پەروەردگار
# - لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە –

د. طارق جبار محمدصالح
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی هەڵەبجە

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە
٢٠٢٤/١٠/١٢
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە
٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە:**
مەولەوی شاعیر و زانا و ئەدیب یەکێکە لەو زانا بەڕێز و دیارانەی کورد کە سەرچاوەیەکی زانستی گەورەی بۆ بەجێهێشتوین لە بواری عەقیدەی ئیسلامیدا بە هەر سێ زمانی کوردی وعەرەبی و فارسی, کە بەڵگەن لەسەر لێهاتوی و بەتوانایی ئەو زانا گەورەیە.
مەولەوی لە عەقیدەدا شوێنکەوتەی موتەئەخیرینی ئەشعەریەکانە, بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی لە سیفاتدا وەک ئەوانە, ئەمەش لە دابەشکردنی جۆرەکانی سیفاتدا بۆ سیفاتی مەعانی و نەفسی و سەلبیدا بەڕونی بەدیاردەکەوێت, پێی وایە حەوت سیفاتی زاتی هەن کە سیفاتی مەعانین, لەگەڵ پێنجی سەرەکی لەسیفاتی سەلبی, وەباوەڕی بە تەئویل و تەفویز هەیە لەسیفاتە زاتیە خەبەری وفعلیە ئیختیاریەکاندا.

**وشەی سەرەکی:** مەولەوی, سیفات, تەئویل, تەفویز.

**پێشەکی:**
سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگار و بەدیهێنەری سەرجەم بونەوەرەکان, درود و سڵاوی بەردەوام بۆ سەر گیانی پاکی کۆتای پێغەمبەران و نێردراوان محمدی سەروەری مرۆڤایەتی, وە بۆ خێزان و نەوە و ئالوبەیت و هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.
زانستی عەقیدە لەگەورەترین زانستەکانە, چونکە پەیوەستە بە ناسین و ناساندنی پەروەردگار و ناو و سیفاتەکانی, مافی ئەو ناسینەش لەسەر بەندەکانیەتی, هەر وەک چۆن لە قورئان و فەرمودەدا هاتووە, دەبێت هەمووان باوەڕیان پێیبێت بێ زیادوکەم.
مەولەوی زانا و شاعیر و ئەدیب و مامۆستا و خواناس، کۆمەڵێک نوسراو و شیعری زۆری هەیە لەبواری عەقیدەدا، تێڕوانین و لێکۆڵینەوە و هەڵدانەوەی بیری مەولەوی و گفتوگۆکردن لەسەریان؛ یەکێکە لەو کارانەی پێویستە و گونجاوە ببێتە جێگای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی توێژەران.
باسی وردی تێڕوانینەکانی ئەم زانا گەورەیەی کورد جێگای خۆیەتی چەندین کۆنفراس و پانێڵ و دیداری جیا جیای لەسەر ئەنجام بدرێت. خۆشحاڵیە کەزانکۆیەکی ناسراوی وەک زانکۆی سلێمانی کۆنفراس ڕێکبخات بۆ دید و ناساندن و لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیر و زانایەکی گەورەی کوردی وەک مەولەوی.
یەکێک لەو بوارانەی مەولەوی زانا باسی لێوەکردوون و لەسەری وتون و نوسیون؛ بریتیە لەباسکردن و ناساندنی پەروەردگار بۆ موسڵمانان، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین بەرهەمی جوانی ئەم زانایە هەن، کەپێویستیان بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و شیکاری بۆچوونەکانی ئەو زانایە هەیە بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و دید و بۆچوونەکانی, لەو ڕوانگەیەوە پێمخۆش بوو بەشداربم لەناساندن و شیکاری دیدو بۆچوونی ئەو زانایەی کورد لەبواری سیفاتی پەروەردگاردا لەڕێگای بەرهەمە چاپکراوەکانیەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**گرنگی ئەم توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە باسەکەیەوە دەردەکەوێت کەوا:

1. ئەم توێژینەوەیە دەربارەی عەقیدەیە, زانستی عەقیدەش لەگەورەترین و بەرزترینی زانستەکانە چونکە تایبەتە بەناسینی خودای گەورە.
2. ئەم توێژینەوەیە باسی سیفاتی پەروەردگار و ناسینی خودای گەورەیە کە گەورەترین واجبێکە موسڵمان پێی هەڵبستێت.
3. ناساندنی ڕۆڵی زانایانی کورد لەبوارە جیاوازەکانی زانستە شەرعیەکاندا بەتایبەت بواری عەقیدە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:**

1. گەورەیی مەولەوی کە زانا و ئەدیب و شاعیرێکی گەورەی کوردە و دەستێکی باڵای هەبووە لە بوارە شەرعیەکاندا.
2. دەرخستنی دەوری مەولەوی لەبواری عەقیدەدا.
3. بونی سەروەتێکی زانستی گەورەی مەولەوی لەبواری عەقیدەدا کە بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسین و شیعری هەیە لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامی.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە:

1. هەوڵێکە بۆ ناساندنی بیرو بۆچوونەکانی مەولەوی زانا و بیرمەندی کورد لەسەر سیفاتی پەروەردگار.
2. دەرخستن و ناساندی گەورە زانایانی کوردە لەخزمەت و تێکۆشان و نووسین و بەرگریکردنیان لە ئاینی ئیسلام و عەقیدەکەیان.
3. ناساندنی بەرهەمە زانستیەکانی مەولەویە لەبواری عەقیدەدا کە نووسینی بەچەندین زمان لەو بوارەدا هەیە.

**سنوری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تەنها باسی دیدو بۆچوونی مەولەویە لە بواری سیفاتەکانی پەروەردگاردا, تاوتوێ کردنێکی زانستیانەی ئەو بابەتەیە و لەو بوارە دەرناچێت.

**لێکۆڵینەوەکانی تری پێش ئەم توێژینەوە:**

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر مەولەوی کراون و توێژەر پێیان گەیشتوە, ئەمانەن:

1. الشاعر الكردي عبدالرحيم المولوي ومنهجه في إثبات الصفات الإلهية من خلال منظومته (زوبدەی عەقیدە). لەنووسینی نایف میکایل طاهر, لەگۆڤاری زانکۆی زاخۆ. المجلد:٤(B), ژمارە:(1), ساڵی ٢٠١٦, لاپەڕە:٨٣-٩٩, بڵاوکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە وەک لەناونیشانیدا دیارە؛ تەنها تایبەتە بە کتێبی(زوبدەی عەقیدە), نەک مەنهەجی مەولەوی لەهەموو کتێبەکانیدا, توێژەر لەسەرەتاوە وەک دەستپێکێکی کورت باسی بۆچوونی کۆمەڵە و فیرقە جیاوازەکان دەکات لەسیفاتدا, وەک جەهمیەکان و موعتەزیلە و ئەشعەریەکان و سەلەف, دواتر باسی ئەو حەوت سیفاتانە دەکات کە مەولەوی وەک زۆربەی موتەئەخیرینی ئەشعەریەکان باسی کردون, لەکۆتای دوو سیفەتیاندا ئاماژە بەوە دەکات کەئیسپاتی ئەم سیفەتە لای مەولەوی بۆ ڕەدی بۆچوونی مەزاهیبەکانە, بۆ نمونە لەکۆتای سیفەتی حەیاتدا دەڵێت: بۆ ڕەدی موجەسیمە و موشەبیهەکانە, لەکۆتای سیفەتی عیلمدا دەڵێت بۆ ڕەدی جەهمیەکانە.

جیاوازی ئەم توێژینەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەدا ئەوەیە, ئێمە باسی مەنهەجی مەولەوی دەکەین لەگشت کتێبە عەقیدەیەکانیدا, هەروەها باسی سەرجەم ئەو سیفەتانە دەکەین کە مەولەوی چەسپاندونی, بەهەمان شێوە باسی

sjh@univsul.edu.iq

مەنهەجیەتی مەولەوی بۆ چەسپاندن و نەفیکردنی سیفات دەکەین, هەروەها باسی هەندێک سیفاتیش دەکەین کە مەولەوی چەسپاندونی بێ بونی بەڵگە.

2. مسائل الإيمان والإسلام للعلامة عبدالرحيم المولوي في كتابه (الفضيلة) دراسة عقدية مقارنة, لە نووسینی صلاح عزيز رسول بەهاوکاری پ.ی.د قاسم غفور حسن, لە گۆڤاری مجلة الفنون والأدب والإنسانيات والإجتماع, ژمارە:(1), ابريل ساڵی ٢٠٢٢, بڵاوکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوە وەک لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت تەنها باسی ئیمان وئیسلام دەکات, نەچۆتە نێو باسی سیفاتەوە.

3. آراء أصولية لمولوي من خلال منظومته الفضيلة, د. أحمد جميل علي, لە گۆڤاری الجامعة العراقية, ژمارە:(45 ج1), لاپەرە: ٩٠-١٠٨, بڵاوکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە باسی ئوصولی فیقهە و پەیوەندی بەسیفاتەوە نیە و باسی عەقیدەی تێدا نەکراوە, تەنها لەیەک شوێندا باسی تەئویل و تەفویز دەکات و دەڵێت ئەوە مەنهەجی مەولەوی بووە لەسیفاتدا.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە نووسینەکانی مەولەوی لەبواری عەقیدەدا خوێندوەتەوە, پاشان هەستاوە بە کۆکردنەوەی بابەتەکان و دابەشکردنیان بەپێی ئەو نەخشە هێڵکارییەی ئەم توێژینەوەی لەسەردانراوە, دواتر ڕاڤەی بۆچوونەکانی مەولەوی کردوە و بەشێوازێکی زانستیانە شیکاری بۆ کردوە, واتە ڕێبازێکی استقرائی تەحلیلیە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە پێشەکیەک و شەش باس و کۆتایی.

**لەپێشەکییەکەدا:** گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردن و ئامانج و سنور و لێکۆلینەوەکانی پێشوو, هەروەها بەرنامەی نووسین و هێڵکاری چۆنێتی دابەشبوونی ئەم توێژینەوەیە باسکراوە.

**باسەکانی ئەم توێژینەوەیە:** پێکدێن لە شەش باس:

**باسی یەکەم: ژیاننامەی زانستی مەولەوی.**

**باسی دووەم: سیفەتی نەفسی (الصفة النفسية).**

**باسی سێیەم: ئەو سیفەتانەی مەولەوی چەسپاندونی(صفات المعاني).**

**باسی چوارەم: سیفەتی سەلبی (الصفات السلبية).**

**باسی پێنجەم: چەسپاندنی سیفەت بێ بەڵگە.**

**باسی شەشەم: تێڕوانینی مەولەوی بۆ دەقەکانی سیفاتەکانی پەروەردگار**

**کۆتایی:** لەکۆتایدا ئاماژە کراوە بە: پوختەی دەرەنجامی توێژینەوەکە لەگرنگترین بۆچوون و دیدی مەولەوی سەبارەت بە سیفاتی پەروەردگار, لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێنمایی و ڕاسپاردە.

**باسی یەکەم: ژیاننامەی زانستیی مەولەوی**

**یەکەم: ناو** (بڕوانە: مەولەوی,١٣٧٨هـ: و-ع, مەولەوی, ٢٠١٥ز:١١٠-١٢٢)

سەید عبدالرحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوگۆزیە, نازناوی (مەعدوومی)یە و ناسراوە بە (مەولەوی)، لە نەوەی مەلا یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبوبەکری چۆڕییە کە بە(موصەنیف) ناسراوە, ڕشتەی پشتیان ئەچێتەوە سەر خوانەسی ناودار سەید محمد زاهیدی کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی کە بە (پیر خدری شاهۆ) ناسراوە.

**دووەم: لەدایک بوون**

مەولەوی لە ساڵی(1221)ی هیجریدا لە گوندی (سەرشاتە)ی ناوچەی تاوگۆزی کە ئەکەوێتە بەری باشووری ڕووباری سیروان، لە دایك بووە. هێشتا منداڵ بووە ماڵی باوکی ناوچەی تاوگۆزییان بەجێهێشتووە و لەدێی (بێژاوە) جێگیر بوون.

**سێیەم: ژیانی زانستیی وخوێندنی مەولەوی**

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرەتا لای باوکی(مەلا سەعیدی تاوگۆزی) قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییەکانی خوێندووە و فێری نووسین بووە. پاشان بەپێی دابونەریتی فەقێیەتی ئەو کاتەی وڵاتی کوردستان و گەڕان بەدوای فێربوونی زانستدا, ڕۆیشتووە بۆ هەڵەبجە, پاشان دەچێتە خوێندنگەکانی دەوروپشتی هەڵەبجە, لەخەرپانی و خورماڵ و بیارە و تەوێڵە و پاوە و چۆڕ لە مەریوان, ئینجا شاری سنە و بانە و لەوێشەوە هاتووە بۆ شاری سلێمانی پایتەختی ئەمارەتی بابان لە سەردەمی شێخ مەعروفی نۆدێیدا بە فەقێیەتی لە مزگەوتی گەورە دامەزراوە.

**چوارەم: مامۆستاکانی مەولەوی**

مەولەوی بەهۆی گەڕانییەوە بەشوێن فێربوون و خوێندندا چەندین شار و ناوچەی کوردستان گەڕاوە, بەخزمەتی چەندین خوێندنگە و مامۆستای وڵات گەیشتوە, لەوانە:

1. باوکی خۆی, بەڕێز مەلا سەعیدی تاوگۆزی.
2. شێخ عبداللەی خەرپانی.
3. مەلا صادقی تەوێڵەیی.
4. شێخ مەعروفی نۆدێیی کە مامۆستاو شێخول ئیسلامی مزگەوتی گەورەی سلێمانی و ئەمارەتی بابانییەکان بووە.
5. مەلا موحەممەدی قازی لە جوانڕۆ .
6. شێخ محمد سەعیدی باوکی شێخ عبد القادری موهاجیر لە سنە.
7. مەلا عبدالرحمانی نۆدشەیی, مامۆستای مەدرەسەی مەڵکەندی بووە، مەولەوی خوێندنی لای ئەو تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتیشی لای ئەو وەرگرتووە.

**پێنجەم: مەزهەبی عەقیدەیی و فیقهی مەولەوی**

مەولەوی وەک هەر زانایەکی تری کوردی ئەو کاتەی سەردەمی خۆی؛ لەفیقهدا شافیعی مەزهەب بووە, لەعەقیدەشدا ئەشعەری بووە.

**شەشەم: کتێب و بەرهەمەکانی**

مەولەوی کۆمەڵێک کتێب و نووسینی زۆری هەیە, بەزمانە جیاوازەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی, لەبەرهەمە بەردەستە چاپکراوەکانی:

1. کتێبی(عقیدەی مرضیە) مەولەوی ئەم کتێبەی بەزمانی کوردی نووسیوە, (2452) دێرە شیعرە باسی هەموو بوارەکانی عەقیدە دەکات.
2. دواتر (الفضیلة)ی نوسیوە بەزمانی عەرەبی نزیکەی(2031) دێرە شیعرە, ئەم کتێبەی لەسەر داوای شێخەکەی شێخ(عثمان سراج الدین و کوڕەکانی) نووسیوە, بۆ ئەوەی ئومەتی ئیسلامی لێی سودمەندبن. ئەم کتێبە مامۆستا(عبدالکریمی مودەڕیس) شەرحی کردووە بەناوی(الوسیلة في شرح الفضیلة).
3. **3.** کتێبێکی بە شیعر لەبارەی بیروباوەڕی موسوڵمانانەوە بە زمانی فارسی نووسیوە بەناوی (الفوائح), کە(527) دێرە شیعرە, مامۆستا (عبدالکریمی مودەڕیس) شەرحی کردوە بەفارسی بەناوی(فوائد الفوائح), هەروەها د.صباح بەرزنجی هەستاوە بە شەرحکردن بەزوبانی کوردی بەناوی(شەرحی فەوائیحی مەولەوی) چاپی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٤ز) بڵاوکرایەوە.
4. **4.** کتێبێکی تری هەیە, بەناوی(زوبدەی عەقیدە) ئەم کتێبە زۆر لە(عقیدەی مرضیە) دەچێت, بەڵام زۆر لەو کورتترە, ئایا سەرەتا زوبدەی نوسیووە و دوای درێژەکەی نووسیوە و ناوی ناوە(عقیدەی مرضیە), یان ئەوەتا (زوبدە) کورت کراوەی(عقیدەی مرضیە)یە, مامۆستای(مودەڕیس) پێیوایە (زوبدە) کورتکراوەی (مرضیە)یە(مەولەوی,1378هـ:ط), بەڵام ئامادەکاری(زوبدە,2000ز:) دەڵێت:(زوبدە) سەرەتایە و دواتر (عقیدەی مرضیە) نوسراوە, پێدەچێت وتەکەی(مامۆستا عبدالکریم) دروستترو ڕاستربێت چونکە لەکۆتا لاپەڕەی زوبدەدا نوسراوە(المصحح المعدومی الحسینی ١٢٨٩هـ), ئەگەر ئەمە خەت و نووسینی مەولەوی خۆیبێت ئەوا بێ گومان زوبدە دواتر نوسراوەو کورتکراوەی مەرضیەیە.

ئەم دوو کتێبە جیاوازیان زۆرە لەڕووی مەنهەجییەوە, (زوبدە)کورت و پوختە, زۆربەی مەسائیلە کەلامیەکانی ناو(عقیدەی مرضیە)ی تێدا نییە, نزیکەی(٩٤٦) دێرە شیعرە, بەڕێز: (حەمە صالحی مەلا محمودی گەلاڵە) ئامادەی کردووە و ڕێنوسی بۆ کردووە, ساڵی(٢٠٠٠) چاپکراوە, بەداخەوە چاپەکەی جوان نییە, بەڵام ئامادەکارەکەی کارێکی زۆر باشی کردووە, بەوەی هەر لاپەڕەیەک کە ڕوونوسی بۆ کردووە, دەستنوسەکەشی بەدوایدا داناوەتەوە,

دەتوانرێت بەباشی بخوێندرێتەوە, بۆیە هەر هەڵەیەک بەسەر ئامادەکارەکەیدا تێپەڕیوە دەتوانرێت چاک بکرێت, پێویستە ئەوەش بزانرێت ئامادەکار هەڵەی دێرە شیعری بەسەردا تێپەڕیوە, بۆ نمونە ئەم دێرە شعرەی لەسیفەتی حەیاتدا بەسەردا ڕۆشتوە و نەینوسیوە:

**(والحاصل) یانێ: زیندەگی هەیە هەر ئەوە زیندگ بە زاتی خۆیە**

(لە لاپەڕە(١١) لەدەستنوسەکەدا ئەم دێرە هەیە, بەڵام لە لاپەڕە(٩) لەڕوونوسەکەدا بوونی نیە). هەندێک جیاوازی کەمیش هەیە لەنێوان(عقیدەی مرضیە) کە(مەلاعبدالکریم مودەڕیس) لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆکردووە لەگەڵ ئەو دەستنوسەی زوبدەدا کە هەیە, بۆ نمونە ئەم دێرە شیعرە لای هەردووکیان هەیە و ئەم پاشوپێشەی تێدایە: لە(عقیدەی مرضیە:١٥٢) دەڵێت:

**تان و پۆی ئەوهام فاسید مەتنە نەک بە ڕۆح و نەفس مەزاج و تەنە**

بەڵام لە(زوبدەی عەقیدەدا:١٠-١٢) دەڵێت:

**تان و پۆی ئەوهام فاسید مەتنە نەک بە نەفس و روح و میزاج و تەنە**

5. کتێبێکی تری کوردی هەیە لەسەر عەقیدە بەشێوازی پەخشانە بەناوی (عەقیدەی مەولەوی), شێخ(محمد علی قەرەداغی) ڕوونووسی بۆ کردووە, لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێنووسی تردا لەپەرتوکێکدا بەناوی(دەقنامە -بەیت و هۆنراوە کوردیەکان – بەرگی یەکەم) بەچاپی گەیاندووە, عەقیدەی مەولەوی لە لاپەڕە(٣٣٦-٣٤٨) ئەو پەرتوکەدایە.
6. عەقیدەنامەی کوردی بەکورتی, (١١٠) دێرە شیعرە, بەڕێز(محەمەد عەلی قەرەداغی) دۆزینەوە و ساغکردنەوەی بۆ کردووە, بەڕێز(عادل لەتیف مەولەوی) ئامادەکاری بۆ کردوەو چاپکراوە لەساڵی(٢٠٢٤ز).
7. دیوانێکی شیعری کوردی هەیە بەناوی دیوانی مەولەویەوە چاپکراوە, چەند کەسێک کۆیانکردۆتەوە و کردویانەتە سەر شێوازی سۆرانی لەوانەش: (مامۆستا عبدالکریم مودەڕیس), هەروەها (د.محمد صدقی مفتی زادە), وە(محەمەد عەلی قەرەداغی) هەریەکیان بەجیا چاپیان کردووە, پێدەچێت کۆکردنەوەکەوەو بەچاپگەیاندنەکەی مامۆستا(محەمەد عەلی قەرەداغی) لەهەموویان فراوانترو گشتگیرترو تەواوتربێت چونکە لەسەر چەندین نوسخەی دەستنووس بەراوردی کردوەو کۆیکردۆتەوە, لەگەڵ چەندین کەشکۆڵدا بەچاپی گەیاندووە. لەکۆتایشدا پێرستێکی جوان و ورد و باشی کردوە بۆ شیعرەکان تا بتوانرێت بەئاسانی بگەڕێیتەوە بۆ شیعرەکان.

**حەوتەم: ژیانئاوای و مردنی**

مەولەوی دوای ژیانێکی نزیک هەشتا ساڵەیی پڕ لەشیعر و زانست و مەعریفەت و ئەدەب و خواناسی لەساڵی(1300)ی کۆچیدا ژیانئاوایکرد و لە گۆڕستانی ئەسحابە لە گوندی(سەرشاتە) لەسەر بەرزاییەك ژێرخاک دەنرێت(رحمه الله)(مەولەوی,١٣٧٨ک, ح), بەڵام مامۆستا محمد علی قەرەداغی(مەولەوی, ٢٠١٥: ١٢٢) دەڵێت: مەولەوی لەمانگی شەوالی ساڵی(١٢٩٩ک) وەفاتی کردوە, گەر واشبێت کێشە نیە لەبەرواردا, چونکە شەوال لە مانگەکانی کۆتای ساڵەو نزیکە لە ساڵی نوێوە, بۆیە زۆر جار لەو حاڵەتانەدا دوترێت لەنزیکی هەزارو سێ سەددا کۆچی کردوە, مەبەست پێی نزیککردنەوەی مێژووەکەیە نەک دیاریکردنی وردی و تەواوی مێژووەکەیە.

**باسی دووەم: سیفەتی نەفسی (الصفة النفسية)**

سیفاتی نەفسی: هەموو سیفەتێکە کە بەڵگەی ئیسپاتی بوونە بۆ زات, پەیوەستە پێوەی, زیادە نیە لەسەر بوونی زات, هیچ شتێک هۆکار و کاریگەر نین لەسەر بوونی ئەو سیفەتە (المالكی٢٠١٩م: ١٤٦, التميمي,٢٠٠٢م: 81-82).

ئەمەش تەنها سیفەتی بوون (وجود)ە, بوونی خودا سیفەتێکی زیاد نیە لەسەر زاتی خوداوە (التميمي,٢٠٠٢م: 81).

مەولەوی باسی خودای تاکوتەنها دەکات و دەڵێت حەقیقەتێکە زۆر دوورە لەئەقڵ و بیری مەخلوقاتەکانیەوە, وە دوورە لەوەی ئەوان دەیبیستن و دەیبینن, ئەوەی دەیبینن درووستکراوەکانیەتی, و خودا وا نیە, و لە شێوەی ئەوە نیە کە بینویانە یان بیستویانە, وەک دەفەرمووێت(١٩٨٨م: ١٢٣, ٢٠٠٠م: ٦):

حەقیقەتێکە بێ چەند و چوونە | لە دائیرەی عەقڵ مەخلووق بیروونە
هەرچی بشنۆیە یا بوێنییە | یا بزانییە ئەوە ئەو نییە
بۆ ماسیوای ئەو زاتە تەعریفە | بۆ ئەو وا نییە بیزان لەتیفە
(ولا یشبە و لا یشتبە | لا هو بشیء و لا شیء بە)

دەفەرمووێت کە خودای گەورە تاکوتەنیایە و لەکەس نەبووە و کەسیشی لێنابێت, بۆیە نەفی ئەوەی کردووە کەوا عیللەت بێت بۆ هیچ مەعلوولێک کەبەو هۆیەوە پەیدابن, وەک دەڵێت(١٩٨٨م: ١١٦):

دەلیلی (ولم یولد) بەیان کەم: | لەو زاتە سەبقی نەبووگە عەدەم
چ بۆیێکی خۆش لەم عیللەتە تێ | حەق مەعلوول نیە بۆ هیچ عیللەتێ

دواتر ڕوونی دەکاتەوە کەوا پێویست نیە خۆت خەریک بکەی بەوەوە خودا چۆن بووە و چۆن هاتۆتەبوون, دەڵێت باوەڕت بێت بەوەی خودا هەربووە و دەبێت و بەدیهێنەری نیە و خۆی بەدیهێنەری هەموو شتێکە, مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م: ١٢٢-١٢٣) :

گوێ مەدە کەس هەر بەم مەعنایە | باوەڕت بوێ: خودا خودئایە
یانی وجوودی (لذاتە) ییە | بووگە و هەس, دەوا و مووجیدی نییە
هەر ئەوە (بالذات واجب الوجود) | (ذو الألوهیة) وخالیق و مەعبوود
مەقسوود ومەوجوود بەحەق هەر ئەوە | بێ موعین,تەنیای موتڵەق هەرئەوە

جەخت لەوە دەکات کەوا خودا ئەزەلی و ئەبەدیە و پێشی نەبوون نیە و کۆتایشی نیە, وەك دەڵێت(١٩٨٨م: ١٢٤):

ئەزەلی و ئەوەڵ بە بێ بیدایەت | ئەبەدی و ئاخیر وە بێ نیهایەت

وە دەشڵێت تەنها خودایە کە هۆکاری هەموو بوونێکە لە دونیادا, وەک دەفەموێت(١٩٨٨م: ١٢٤):

ئەوە (مؤثر فی الوجود) و بەس | جل,تعالی,عز,تقدس
ئاوردییە وجوود گشت ئەجزای عالەم | لە عەدەم, دیسان دەیواتە و عەدەم

هەر تەنها خودایە دروستکەر و بەدیهێنەری هەموو جیهانە, لە نەبوونەوە دروستی کردوون و کاتێکیش کۆتاییان دێت, دەیانمرێنێت و کۆتاییان پێدێت وەک ئەوەی هەر نەبووبێتن.

**باسی سێیەم: ئەو سیفەتانەی مەولەوی چەسپاندونی(صفات المعاني)**

مەولەوی باسی چەند سیفەتێک دەکات کە ئیسپاتیان دەکات و بە سیفاتی زاتی یان مەعانی ناساندونی, دەڵێت حەوتن, ئەوانیش(مەولەوی,٢٠٠٨م: ٣٤٢):

حەیاتە و عیلمە و ئیرادە و قودرەت | سەمعە و بەصەرە و کەلام ئەمە حەفت

ئەو حەوت سیفەتەش:

**یەکەم: سیفەتی زیندەگی یان زیندوێتی(صفة الحیاة)**

یەکێک لەگرنگترین سیفەتەکانی پەروەردگارمان بریتیە لەزیندوێتی پەروەردگار, ئەمەش پێچەوانەی مردنە, هەر وەک پەروەردگار لە وەسفی خۆیدا بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمووێت: {وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ}[الفرقان: 58], واتە: پشت ببەستە بەوەی کە هەمیشە هەیە و زیندووە و هەرگیز نامرێت. وە لە فەرمودەی سەروەرماندا وەسفی خودا دەکات بەوەی هەمیشەییە و زیندووە و هەرگیز نامرێت, بەڵام جنۆکە و ئادەمیەکان دەمرن دەفەرمووێت:[ أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ](مسلم, ٢٠٠٩م, ژمارەی فەرمودە: -٢٧١٧).

سیفەتی حەیات لەناوی پیرۆزی(الْحَيّ) وەرگیراوە, لەقورئان و سونەتدا هاتوە. مەولەوی باسی سیفەتی زیندەگی(الحیاة) دەکات(٢٠١٦م: 547/2), و دەڵێت(١٩٨٨م:١٥٢):

بەڵام بە زوان عولەمای سوفات | حەیات پێی دەڵێن: (إمام السفات)
بۆچ؟ سیفەتێکە مووجیبی سیححەت | بۆ سیفەتی عیلم, ئیرادە و قودرەت
(والحاسل) یانێ: زیندەگی هەیە | هەر ئەوە زیندگ بە زاتی خۆیە
تان و پۆی ئەوهام فاسید مەتەنە | نەک بەرۆح و نەفس مەزاج و تەنە
لەو نەوعە وەهمە پاکەوموقەددەس | بە ئەو زیندگە زیندگ هەرچی هەس

sjh@univsul.edu.iq

بەڵام لە زوبدەی عەقیدەدا کەمێک جیاوازی هەیە لەنێوان دێرە شیعرەکاندا, جگە لەوەی دێری دووەم لەزوبدەدا نیە, ئەم جیاوازیانەش هەیە: سوفات: صفات, (والحاسل): (والحاصل), نەک بەڕۆح و نەفس مەزاج و تەنە: نەک بە نەفس و روح و میزاج و تەنە)(2000م:١٠-١٢).

تێڕوانینی مەولەوی بۆ سیفەتی زیندەگی بەم شێوەیە:

1. زیندەگی(الحياة) سیفەتێکی زاتی خودای باڵادەستە.
2. زیندەگی(الحياة) پێشەوای هەموو سیفەتەکانە چونکە هەموو سیفەتەکانی تر, ڕاستی ودروستیان پەیوەستە بە زیندەگیەوە.
3. زیندوێتی خودا تایبەتە بەزاتی پیرۆزی خۆیەوە پاک و موقەدەسە لەوەی لەزیندوێتی هیچ درووستکراوێک بچێت.
4. زیندوێتی هەرچی گیان لەبەران هەیە, لەخوداوەیە و هەموویان لەژێر ڕکیفی زیندوێتی خودای گەورەدان.

ئەوەی لێرەدا سەرنج دەدرێت ئەوەیە مەولەوی لەچەسپاندنی ئەم سیفەتەدا ئیعتیماد دەکاتە سەر بەڵگەی ژیری(عەقڵی) نەک دەقی قورئان یان فەرمووده, ئەویش بەوەی دەڵێت سیفەتەکانی تر وەک: **عیلم و ئیرادە و قودرەت** ڕاستی و دروستیان وەستاوەتە سەر سیفەتی زیندەگی, وەک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| **بەڵام بە زوان عولەمای سوفات** | **حەیات پێی دەڵێن: (إمام السفات)** |
| **بۆچ؟ سیفەتیکە مووجیبی سیحەت** | **بۆ سیفەتی عیلم ئیرادە و قودرەت** |

**دووەم: سیفەتی زانین (العلم)**

واتای زانین لە زمانی عەرەبیدا پێچەوانەی نەزانینە(ابن فارس, ١٩٧٩م: ٤/ ١١٠), لەسیفاتی خودای گەورەدا مەبەست لە زانین ئەوەیە کەوا: پەروەردگار زانایە بە هەموو شتێک, شاراوە و ئاشکرا, دیار و نادیار, ورد و درشت, ئەوەی کە بووە و ئەوەی کە هێشتا نەبووە, ئەوەی کە هەر نەبووە و ئەگەر ببوایە چۆن دەبوو.

سیفەتی زانین سیفەتێکی زاتی و هەتاهەتایی پەروەردگارە, یەکێک لە ناوە جوانەکانی خودا (العليم)ە, ئەم سیفەتە بە دەقی قورئان وفەرموودە جێگیربووە, ئەمە جگە لە کۆدەنگی زانایان و ئومەت هەمووی, لەگەڵ پەیپێبردنی بە ژیری.

مەولەوی لە باسی سیفەتی زانین(العلم)دا(٢٠١٦م: 2/521-526) دەڵێت(١٩٨٨م:١٥٤, ٢٠٠٠م:١٨):

| | |
|---|---|
| **دووەمین سیفەت عیلم وشعوورە** | **لە سەبقی جەهل و تەفەککور دوورە** |

زانینی پەروەردگار بەشێوازێکە کەوا هەمیشەیی و هەتاهەتاییە, جەهل بە هەموو شێوەیەک دوورە لەپەروەردگار, زانینی خودا سیفەتێکی زاتی و ئەزەلی هەتاهەتاییی خۆیەتی, بەهیچ شێوەیەک بە بیرکردنەوە یان لێکۆڵینەوە یان بەهۆی ئەوەی پێویستی پێیبووبێت پەیدانەبووە.

پاشان مەولەوی باسی گەورەی و فراوانی و تەواوی و وردی زانینی پەروەردگار دەکات کەوا هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە و دەڵێت(١٩٨٨م: ١٥٤, ٢٠٠٠م: ١٨):

| | |
|---|---|
| **واجب, مومتەنیع, مومکین, ئاشکار** | **پەنهان و کوللی و جوزئی بەیەکبار** |
| **زەڕڕەیێ بوێ لە هەر زەمانێ** | **لەزەمینەدا و لە ئاسمانێ** |
| **هەموو لە لای ئەو تەواو زاهیرە** | **لە عیلمی ئەودا هەموو حاضرە** |

لێرەدا مەولەوی لەچەسپاندنی گەورەی عیلمی خودادا بەوەی هەموو شتێک دەزانێت؛ گەورە و بچوک, ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە هەندێک لە فەلاسیفە وەک ابن سینا (الشفاء:٣٥٨-٣٦٢) دەیڵێن لەسەر زانینی خودای باڵادەست گوایە شتە وردەکان نازانێت, یان هەندێک شت نازانێت تا دوای ڕوودانی(گەورەیی و پاک وپێگەردی بۆ خودا), زانایانی ئیسلام وەڵامی ئەو گومڕاییەی فەلاسیفەیان داوەتەوە, بەڵکو کتێبی تایبەتیان داناوە بۆ ڕەتکردنەوەی قسەکانیان وەک (تهافت الفلاسفة) ئیمامی غەزالی (الغزالي:206).

مەولەوی لە چەسپاندنی سیفەتی زانین بۆ خودا بەوەی کە سیفەتێکی زاتیی و ئەزەلییە, و زیادەیە لە سەر زات, لەگەڵ ئەوەشدا قەناعەتی بە هەندێک شت نیە و داوا دەکات خۆ بە دوور بگرین لە هەندێک پرسیار و شتی لابەلا لەسەر سیفەتی زانین, بەڵکو ئەمانە بە بەتاڵ وەسف دەکات, لەوانە قەناعەتی بە دابەشبوونی سیفەتی زانین نیە بۆ دوو بەش: حەقیقەت و ئیزافە, وەک دەڵێت(١٩٨٨م: ١٥٦):

| | |
|---|---|
| **گوێ ڕادێر لەوە من وتم زەریف** | **لابە ئەسویلە و ئەجویبەی نەحیف** |
| **وەکوو ئەمە: عیلم حەقیقییەیە** | **یا ئیزافییە و نیسەبییەیە** |

sjh@univsul.edu.iq

مەولەوی ئەو قسەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کەپێیان وایە: خودای متعال زانستی بە تاک تاکی هەموو شتێک نیە بەڵکو زانستی بە کۆی ئەو جۆرە هەیە, یان هەر شتێک خۆی سەرەخۆ دوور لەعیلمی خودا هەستێ بە بەجێهێنانی کارەکانی خۆی و خودا ئاگادار نەبێت, یان دوایی بیزانێت, یان خودای حەق پێویستی بەشتی تربێت تا بەهۆی هاوکاری ئەوەوە ئەو شتانە بزانیت کەڕوودەدەن, ئەوانە هەموو باتڵ و دوورن لە ڕاستی و عیلمی خوداوە. هەروەها بۆچوونی موسولی ئەفلاطون ڕەتدەکاتەوە و بە باتڵ ناوی دێنێت, وەک دەڵێـت(١٩٨٨م: ١٥٦-١٥٧):

| | |
|---|---|
| **بۆچ؟ تەمایوز هەس, لە شەک ئەو دەرە** | **حسب ذا الوجود بۆ ئەو سوورەرە** |
| **ئەرچی وجودیان فی الخارج نەوێ** | **بۆچ؟ ئەمیچ تەمیز خاریجی تەوێ** |
| **وەگەر بەخۆیان قیام حاسڵە** | **قەولە بە موثول, ئەویچ باتڵە** |

**سێیەم: سیفەتی خواست و ویستن – گەرەکبوون- (الإرادة)**

یەکێکی تر لە سیفاتی پەروەردگار خواست و ویستنە, کە سیفەتێکی ئەزەلی و هەتاهەتایی و ئیختیاری خودایە. هەر شتێکی بوێت دەیکات و هیچ ڕێگرییەک نیە لەوەی بێتە بەربەست لەبەردەم خواست و ویستی خودادا, هەرچیش ڕوودەدات لە چاک و خراپ هەرهەمووی ویستی پەروەردگاری لەسەرە ئەگینا ڕونادات.

سیفەتی خواست؛ دەقی قورئان وسونەت و کۆدەنگی زانایان و بەڵگەی ژیریشی لەسەرە. ئەم سیفەتە دوو جۆرە(ابن أبی العز, ٢٠١٢م:174-175, ابن عثیمین. ١٤٣٥هـ:١/١٩٧):

1. **خواست و ویستی کەونی-قەدەری:-** ئەمجۆرەیان ویستی تەواوی پەروەردگارە بە هەموو دروستکراوەکانی, ئەوەی دەیەوێت دەیکات, ئەوەی نەیەوێت نابێت و ڕوونادات, هەموو ئەوەی ڕوودەدات لەکەوندا بەویستی پەروەردگارە, بەڵام مەرج نیە پەیوەستبێت بەڕەزامەندی و موحەبەتی خوداوە, وەک دروستکردنی ئیبلیس و شەڕ و کوفر, مردن و ژیان. مەولەویش باسی ئەم جۆرە ئیرادەیە دەکات و دەڵێت: هەرچی پەروەردگار بیەوێت دەبێت, هەرچیش ئەو ویستی لەسەر نەبێت نابێت و ڕوونادات, هەروەک دەڵێت(١٩٨٨م: ١٦٧):

| | |
|---|---|
| **ما شاء الله ئەڵبەت هەر دەوێ** | **وما لم یشاء دەشێ هەر نەوێ** |

ئەمەش دووبارە دەکاتە لە (الفضیلة)دا و دەڵێت(٢٠١٦م: 2/٥٤١):

| | |
|---|---|
| **ما شاءه الله تعالی وجدا** | **ولم یجد ما لم یشأه أبدا** |

2. **خواست و ویستی شەرعی:** ئەوەیە کە پەروەردگار ویستی لەسەریەتی و دەیەوێت و فەرمانی پێکردوەو پێیخۆشەو پێیڕازیە, بەڵام ئەم جۆرەیان مەرج نیە بێتەدی و ڕووبدات, وەک باوەڕهێنان بەخودای تاکوتەنها کەفەرمان و خۆشەویستی و ڕەزامەندی پەروەردگاری لەسەرە, بەڵام کاتێک کافرێک باوەڕناهێنێت ئیرادەی کەونی پەروەردگاری لە سەرە, نەک خواست و ویستی شەرعی, چونکە خودا بە کوفر ڕازی نیە و خۆشیشی ناوێت.

مەولەوی لەباسی سیفەتی ئیرادەدا دەڵێت سیفەتێکی ئەبەدی پەروەردگارە و هیچ کەموکوڕی و ناتەواوی نیە لەسیفەتی ویستی خودادا, هەرچی ڕوودەدات بێ جیاوازی پەیوەستە بە ئیرادەی خوداوە, و بێ ویستی ئەو هیچ شتێک نابێت و ڕوونادات. مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م: 167, ٢٠١٦م: 531/2-538):

| | |
|---|---|
| **سێیەم ئیرادە یانێهای خواهیش** | **خواهیشی ئەبەد بێ کەم وکاهیش** |
| **هەر فیعلێ لە هەر چشتێ بادی وێ** | **ئەر تەبیعی وێ, ئەر ئیرادی وێ** |
| **گشت مونبەعیسن لە ئیرادەی حەق** | **بێ مەشیئەتی ئەو ناوێ موتڵەق** |

ئەوەی جێی باسە مەولەوی ئیرادە و مەشیئە بەیەک واتا دێنێت و جیاوازی ناکات لە نێوانیاندا, ئەوەش بۆچوونی زانایانە لەوانەش ئیمامی البیهقی(٢٠١٩م: ١/ ٤٣٧) کە دەڵێت: (صفه المشیئة والإرادة لله تعالی وکلتاهما عبارتان عن معنی واحد), هەردووکیان بە واتای یەک دێن, مەولەویش لەپاڵ یەکدا پێکەوە هەردوو دەستەواژەکەی هێناوە بەیەک واتاو دەفەرمووێت(١٩٨٨م: ١٦٧):

| | |
|---|---|
| **گشت مونبەعیسن لە ئیرادەی حەق** | **بێ مەشیئەتی ئەو ناوێ موتڵەق** |

**چوارەم: سیفەتی قودرەت (القدرة)**

مەبەست لە قودرەت: توانایی و باڵادەستی و بەهێزی پەروەردگارە بۆ هەرکارێک بیەوێت ئەنجامی بدات یان نەیەوێت بیکات, هیچ هێز و دەسەڵاتێک نیە بتوانێت ڕێگربێت یان خۆسەپێن بێت بۆ کردن و نەکردنی کارێک لە سەری.

قودرەت سیفەتێکی زاتی هەتاهەتایی و هەمیشەیی خودایە, سیفەتێکی فعلی و ئیختیاریشە، واتا هەرچی بوێت لە هەرکات و شوێنێکدا چۆن ویستی لە سەری بێت بە بوون و نەبوون, ئەوە دەبێت کە ئەو بڕیاری لە سەریەتی.

مەولەویش لەباسی ئەم سیفەتەدا بۆ پەروەردگار(٢٠١٦م:542/2) دەفەرموێت(١٩٨٨م:١٦٩):

**چوارەم قودرەت تـامەی کـامیلە بۆ گشت مـورادات خالـیق شامیلە**

قودرەتی پەروەردگار تەواو و کامڵ و بێ کەموکوڕییە, سەرجەم درووستکراوەکانی خودا دەگرێتەوە و هیچ هێز و دەسەڵاتێک نیە ڕێگربێت لە بەردەم قودرەت و توانای پەروەردگاردا. دواتر مەولەوی بۆ چەسپاندنی تەواوی دەسەڵاتی پەروەردگار کەچی بوێت دەیکات, دەڵێت: گوێ مەدەنە قسەی حەکیم ئەوانەی کە دەڵێن: دەبێت بۆ هەموو شتێک ئالەتێک هەبێت بەهۆیە ئەو شتانە ڕوبدەن, چونکە دەسەڵات و توانای خودا پێویستی بە ئالەت نیە بۆ ڕوودانی ئەوەی دەیەوێت بیکات, مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م:١٦٩):

**مەنـواڕ وە حەکیـم بێ ئـیعتیباردا وە بـێ ئـالـەتـێ بـوێ لـە کـاردا**

**تەئسیری ڕووی کرد وە هەر عەدەمدا غونچەی وجوودی هەر ئەودەم دەم دا**

**بـازی ئـیـرادە و قـودرەتـی ئـەزەل بۆ سەیدی مەقدوور دەوەشێنێ پەل**

دواتر باسی ئەوە دەکات کە دەسەڵات و توانا و هێزی خودا چەندێک گەورەیە لە ئاست درووستکراوەکانیدا, نمونە دێنێتەوە بەوەی هەر بوونێک هەبێت, ئەوا وەک نمەیەکە یان دڵۆپێکە لەدەریای توانا و هێزی باڵادەستی پەروەردگاردا. وەک دەڵێت:

**هەرچی لـێـی داوێ پرتەوی وجوود تـکـێـکـە لە بەحر قودرەتی مەعبوود**

**پێنجەم: سیفەتی بیستن (السمع)**

بیستن سیفەتێکی زاتی و هەتاهەتایی پەروەردگارە, هەموو شت دەبیستێت و پێی ئاگادارە، وەڵامی ئەوانەش دەداتەوە کە بانگی لێوە دەکەن و دوعا دەکەن؛ بیسەری پانهایی و چپە و دەنگ و بێ دەنگی و هەموو شتێکە. یەکێک لە ناوە جوانەکانی خودا (السميع)ە, پەروەردگار لە وەسفی خۆیدا دەفەرموێت:{لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}[الشورى:11], پێغەمبەر ابراهيم(عليه السلام) لەوەسفیدا دەفەرموێت:{إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ}[إبراهيم:39].

مەولەوی لەباسی سیفەتی بیستندا(٢٠١٦م: 550/2-551) دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**پەنجەمین سەمعە وشەشەمین بەسەر هەفتەمین کەلام سێ وەسفن خودسەر**

سیفەتی بیستن و بینین دوو سیفەتن پەیوەست و پێکەوە هاتوون لەزۆر شوێندا, بۆیە دوای سیفەتی بینین باسی بۆچوونی مەولەوی, هەروەها بەڵگەی بونی هەردوکیان پێکەوە باسدەکەم تا دووبارە بوونەوە ڕوونەدات.

**شەشەم: سیفەتی بینین (البصر)**

بینین سیفەتێکی زاتی پەروەردگارە, یەکێک لە ناوە جوانەکانی (البصير)ە. بینەر و ئاگادارە بەهەموو شتێک, هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە, لەوەسفی خۆیدا دەفەرموێت:{إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ}[الملك:19], {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}[الشورى: 11].

سیفەتی (بینین) یەکێکە لەو سیفەتانەی خودای گەورە کە مەولەوی باسی کردوون, و لە شەشەم سیفەتدا هێناویەتی(٢٠١٦م: 550/2-551), وەک دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**پەنجەمین سەمعە وشەشەمین بەسەر هەفتەمین کەلام سێ وەسفن خودسەر**

مەولەوی پێی وایە هەردوو سیفەتی (بیستن و بینین) زیادەن و جیاوازن لەسیفەتی زانین و ویستن و قودرەت و لەو سیفەتانە نین, بەڵکو بیستن و بینین و کەلام سیفاتی ترن و شایستە بە خودای باڵادەستن, وەک دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**سـابـتـن بـۆ زات خـالـیـق, زیـادە لەوەسـفـی قـودرەت عـیـلم وئیـرادە**

**ئـیـرجـاع بـەوانـە لـە زاهـیـر دورە بۆچ؟ بێ زەروورە, کوانێ زەروورە؟**

بەڵگەش بۆ دروستی بۆچوونەکەی مەولەوی, هاتنی ئەم وشانەیە لە قورئانی پیرۆزدا لە پاڵ یەکدا, کە ئەوە دەگەیەنن هەریەکەیان واتای جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەیە, چونکە ئەگەر بەیەک واتا, یان یەکبونایە, بۆ لەپاڵ یەکدا دەهاتن یان

دووبارە دەبوونەوە, ئەوەتا خودای متعال دەفەرموێت:{إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} [البقرة:127],{وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ}[البقرة:137].

هەروەها پەروەدرگار لەباسی سیفەتی بینیندا بەجیا هێناونی لەگەڵ (خەبیر)دا, وەک لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت:{إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ}[فاطر:31], خەبیر لە زاراوە نزیکەکانی عیلمە و ئەوەمان پێ دەڵێت کەوا بینین زانین نیە بەتەنها, بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین سیفەتی بینین بەواتای ئەوەدێت کەوا پەروەردگار بینەری هەموو شتێکەو هیچی لێ ناشارێتەوە. هەموو شت دیاربێت یان نا, لای ئەو روون و ئاشکرا و دیارە, لەگەڵ ئەوەشدا بینین بە واتای زانین دێت و لە لازمی ئەو واتایەشە, بە تایبەت ئەگەر پەیوەست بوو بە کرداری بەندەکانەوە, وەک ئەو ئایەتانەی دەفەرموێت:{إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ} [الحجرات:18], خودای گەورە بینەر و زانایە بە کردەوەی بەندەکانی, ئەو کردەوانە بینراوی بن یان غەیری بینراوی، وەک ئەوەی لەدڵ و نەفسی کەسەکە خۆیدابێت, چونکە پەروەردگار دەفەرموێت:{إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ}[فاطر:38].

هەروەها مەولەوی لەباسی چەسپاندنی سیفەتی بیستن و بینیندا بۆ پەروەردگار ئاماژە بەوە دەکات کەوا بەڵگەی سەمعی واتە دەقی قورئان و فەرمودە بەکاردێت، نەک بەڵگەی ئەقڵی, بەڵگەی ئەقڵی بەلاواز و کز و پەککەوتە و ژێر پێ کوتراو و ماندوو وەسف دەکات وەک دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**بەڵێ بۆ ئیسپات هەر سەمعی ماگە　　　عەقڵی دیارە ژێر پێی کوتیاگە**

دەڵێت سیفەتی بیستن و بینین بۆ خودا تایبەتە بەزاتی خودا خۆیەوە, و بەهیچ شێوەیەک لە بیستن و بینینی درووستکراوەکانی ناچێت, وەک دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٨):

**سەمع و بەسەری زاتی (عَلِیَّە)　　　وەک سەمع وبەسەر مەخلووقات نیە**

هەروەها دەڵێت سیفاتی خودا دوورە لە چیە و چۆنە و پێویستی بە ئالەت بوون, بەهیچ شێوەیەک وەک سیفاتی بەندەو درووستکراوەکانی نیە, دەڵێت خودا ئەوەندە بیسەرە هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە, دوور و نزیک وەک یەک دەبیستێت, هەروەها بینەری خودا ئەوەندە بینەرە بەشتەکان هیچی لێناشارێتەوە بەڵکو تاریکی و ڕوونی وەک یەک وان لە بۆ بینەری پەروەردگار وەک دەفەرمووێت(١٩٨٨م: ١٨٦-١٨٧):

**بەڵێ لە چەو و چوون لەئالەت بیروون　　　شنەوا و بینا, گۆیا, بەبێ چوون**
**دەشنەوێ ئایا بەعید ئەر نزیک　　　دەوینێ ئای ڕۆشن یا تاریک**

بیستنی خودا زۆر تایبەتە, دوور و نزیکی بۆ نیە, هەمووی وەک یەک دەبیستێت, هەر وەک خاتوو عائیشەی دایکی باوەڕداران بۆمان وەسف دەکات لە کاتێکدا خۆی لە سوچێکی ژورێکی بچوکدا بووە لەخزمەت پێغەمبەری پێشەوامان‌دا(علیه السلام), ئافرەتێک دێتە لایان, شکایەت دەکات لەمێردەکەی لەخزمەت سەروەردا, عائیشە دەفەرموێت هەندێک لە قسەکانی تێدەگەشتم و هەندێکی تێنەدەگەیشتم, لەسوکی دەنگ و قسە ئەو ژنە, بەڵام دەڵێت پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە لە سەروو حەوت ئاسمانەوە قسەی ئەو ژنەی بیست و وەڵامی دایەوە و ئایەتی لەسەر دابەزاند: ((الحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الأَصْوَاتَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:{قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا}[المجادلة:1]))(البخاری, ١٤٤٢هـ: كتاب التوحيد, پێش فەرموودەی ژمارە-٧٣٨٦-, أحمد, ٢٠٠١م, ژمارە -٢٤١٩٥-).

مەولەوی دەڵێت سیفاتی پەروەردگار پێویستی بەئالەت نیە وەک ئەوەی بەشەر پێویستی پێیەتی, هەروەک دەفەرموێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**ئەگەر تۆ دەڵێی ئەم سیفەتانە　　　موحتاجن بە ئەباڵ ئەم ئالەتانە**
**وەک ئوزون وعەین, وەک حەلق ولیسان　　　ئەوە بۆ ئێمەس, نەک بۆ حەق, بزان**

ئەم وتەیەی مەولەوی تەواو و دروستە, پەروەردگار پێویستی بەهیچ شتێک نیە, بەڵام دەبێت لە چەسپاندن و نەفیکردندا بۆ سیفاتی خودای پەروەردگار بەڵگە هەبێت لە قورئان و سونەت و نابێت لەو دووانە لابدرێت, لێرەدا مەولەوی یەکێک لەو شتانەی باسیان دەکات و وەک ئالە دەیانناسێنێت و نەفیان دەکات چاوە(عەین), ڕاستە پەروەردگار پێویستی بەئالە نیەو کەسیش لەئومەتی ئیسلامی نەیووتوە پەروەردگار پێویستی بەئالەتە, بەڵام ئەم قسەیە ئەگەر مەبەست پێی نەفیکردنی چاوبێت وەک سیفەتێک بۆ پەروەردگار ئەوا کارێکی نادروستە, چونکە بەڵگەی قورئان وسونەت هەیە لە سەر چەسپاندن و جێگیربوونی سیفەتی عەین(چاو) بۆ خودای گەورە, هەروەها گەورە زانایانی ئومەت باسیان کردوە لە کتێبە گرنگ و ناودارەکانیاندا, لەوانەش پێشەوا ئەبو لحەسەنی ئەشعەری(رحمه الله)(٢٠١١م:215, ٢٠٢٢م:485/1).

sjh@univsul.edu.iq

دەڵێت: (پەروەردگار دوو چاوی هەیە), هەروەها زانایانی تری ئەشاعیرەش باسیان لێوەکردوە و وەک پێشەوا البیهقی(٢٠١٩م:2/ 22-828), و باقلانی(١٩٩٣م: 24), هەروەها ابن العطار(١٤٠٨هـ: ٢٦) کە یەکێکە لەقوتابیە ناودەرەکانی ئیمامی نەوەوی, لەکۆتای ئەم توێژینەوەیەدا لەباسی تەفویزدا باسی زیاتری لێوەدەکەین.

**حەوتەم: سیفەتی قسەکردن (الکلام)**

کەلام سیفەتێکی زاتی و فعلی ئەزەلی پەروەردگارە, هەر کات بیەوێت و ویستی لێبێت قسەدەکات, قسەکانی دەنگ و حەرف و بیستراوە. پەروەردگار قسەدەکات لەگەڵ مەلائکە بەڕیزەکان, لەگەڵ پێغەمبەران موسی(علیە السلام) لە زەوی, و محمد(علیە السلام) لەئاسمان قسەی کردوە، ڕۆژی قیامەتیش لەگەڵ باوەڕادان ڕاستەوخۆ قسەدەکات و هەروەها لەبەهەشتیشدا بەهەمان شێوە قسەدەکات.

بەڵگەش لەقورئان و فەرمووده زۆر زۆرن لەسەر چەسپاندنی ئەو سیفەتە بۆ خودای گەورە, هیچ خاوەن ژیرێکی تێگەشتوی پێگەشتوی دروست؛ ناتوانیت نکوڵی بونی سیفەتی کەلام بکات.

مەولەوی زاناش لەوەسفی سیفەتی کەلامدا (٢٠١٦م:2/552-٥٥٤) کەسیفەتێکی زاتی و ئەزەلیە دەفەرموێت (١٩٨٨م: ١٨٩):

**ثــم الــکـــلام وصــف أزلــي — قــائـم بــذات ربــنـــا الــعــلــي**

مەولەوی ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت کەوا سیفەتی کەلامیش وەک سیفەتی بیستن وبینین پێویستی بە ئالەت نیە تا قسەی پیبکات, وەک ئەوەی بوترێت خودا قورگ و زمانی هەبێت, چونکە دەڵێت ئەم ئالەتانە بۆ مرۆڤ و دروستکراوەکانن نەک خودا پێویستی پێیانبێت, وەک دەڵێت(١٩٨٨م: ١٨٦):

**ئـەگـەر تـۆ دەڵـێـی ئـەم سـیـفـەتـانـە — موحـتـاجن بە ئەبـاڵ ئەم ئـالـەتـانە**

**وەک ئوزون وعەین, وەک حەلق ولیسان — ئەوە بۆ ئێمەس, نەک بۆ حەق, بزان**

بەڵێ وتەی مەولەوی دروست و ڕاستە لە قورئان وسونەتدا نەهاتوە وەسفی خودا کرابێت بەوەی خودای گەورە؛ قورگ و زمانی هەیە, بۆیە لە بابی سیفاتدا هەموو شتێک بەئیسپاتکرن یان نەفیکردن دەبێت بە بەڵگەی شەرعی بێت نەک ئەقڵ, لێرەشدا پێم باشە ئاماژە بەوەبکەم کاتێک قسە دەکرێت یان ئایەت دەخوێندرێتەوە, باسی زمان نەکرێت بۆ پەروەردگار, چونکە بەڵگەی بوون و نەبوونی ئەو سیفەتەمان نیە, بۆیە نەوترێت: (لەسەر زمانی خوداوە ئاوهایە یان ئاوها نیە), بەڵکو دەبێت بوترێت: خودای گەورە وای فەرمووە یان وای وتووە, فەرمایشتی پەروەردگار وایە.

مەولەوی لە وەسفی کەلامدا پێی وایە: کەلامی خودا لە بەرودوا و پاش وپێش و پارچەپارچەیی و ژمارە دوورە, وەک لە بەشی یەکەمی ئەم دێرە شیعرەدا ئاماژەی پێکردوە(١٩٨٨م: ١٨٩).

**لە بـەرودوا و تـەجـززی و عـەدەد — لە حەرف و لە سەوت پاک و موجەڕڕەد**

بەڵام لەبەشی دووهەمی شیعرەکەدا دەڵێت کەلامی خودا دوور و موجەڕڕەدە لە حەرف و سەوت ئەمەش لە ڕوانگەی مەولەویەوە کە وەک زانایەکی ئەشعەریەکان ئەو قەناعەت و بۆچوونەی هەیە, ئەم بۆچوونەی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت(١٩٨٨م: ١٩٢):

**وەسـفـی تـەکـەللوم قـائـیـم بە زاتە — نەک ئەو کـەلامـە کـەوا مەعرووفە**

**مورەککەب لە جوزء لەفز و حرووفە — قـیـامـی بـە زات حـەقـقـەوە نـیـیـە**

ئەم بۆچوونە لەوەوە سۆنگەی گرتوە کەپێیان وایە ئەگەر کەلام حەرف و سەوت بێت ئەوا وەک کەلامی بەشەری لێدێت و دەبێتە مەخلوق, ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کەوا تەشبیهـکراوە لە نێوان دروستکراوەکان و خودای گەورەدا, کەواتە خودا وەک باقی دروستکراوەکان جسمە, ئەوکات پەروەردگار دەبێتە شوێنی ڕووداوەکان وەک دروستکراوەکانی لێدێت (محل الحوادث) ئەمەش قبوڵ نیە بۆ خودا.

ئەم بیانوانەی کە وتران بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کەلامی خودا پێک نەهاتوە لە حەرف و دەنگ, لاوازن و پێچەوانەی بەڵگەی شەرعی قورئان و سوننەتن, ئەم بیانوانە ڕوانینە لە خودا بەهاوتاکردنی لەگەڵ دروستکراوەکانی, ئەمەش لەکاتێکدایە مرۆڤ و سەرجەم دروستکراوەکان سیفەتی تایبەت بە خۆیان هەیە, و بە هیچ شێوەیەک لە سیفەتەکانی خودا ناچن, هەرچەند ئەگەر لە ناوهێنانیشیاندا لە یەک بچن, بەڵام لە حەقیقەتی سیفەتیدا لە یەک ناچن و وەک یەک نین, بەڵکو هەر یەکەیان سیفەتی تایبەت بە خۆیان هەیە, و لێکچوون هەگیز لەنێوانیاندا نیە.

دواتر ئەگەر سەیری بەڵگە شەرعیەکان بکەین ئەوا بە ڕوونی دەبینرێت کە چۆن باسی ئیسپات بوونی حەرف و سەوت دەکات بۆ کەلامی خودای پەروەردگار, لەوانەش:

1. خودای گەورە وەسفی قسەی خۆی دەکات بە(النداء) کە مەبەست پێی بانگکردن و قسەکردنە بەدەنگی بەرز و بۆ دووریش بەکاردێت, وەک لە فەرهەنگە زمانەوانیەکاندا هاتوە(ابن فارس,١٩٧٩م:٤١٢/٥, الجوهري,١٩٨٧م: ٦/ ٢٥٠٦-مادة: ندا-). هەروەها لە حەقیقەت و لە مەجازیشدا؛ بەقسەیەک ناوترێت النداء ئەگەر بەدەنگی بەرز نەبێت(ابن تيمية, ١٩٩٥م:٦/ ٥٣١).
2. هەروەها خودای گەورە وەسفی قسەی خۆی دەکات بە(المناجاة) کەمەبەست پێی کەلامە بە دەنگی نزم و هێواش, بۆ نزیک بەکاردێت(ابن فارس,١٩٧٩م:٥/ ٣٩٩, ابن سيده,٢٠٠٠م: ٥٥٩/٧), ئەگەر کەلام دەنگ نەبێت چۆن وەسف دەکرێت بە(المناجاة), پەروەردگار لەباسی پێغەمبەر(موسى)دا(عليه السلام) دەفەرموێت: {وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا}[مريم:52], هەردوو وەسفی (نداء و موناجات) بۆ قسەکردن لەگەڵ (موسى)دا بەکارهێناوە, ئەگەر کەلام دەنگ نەبێت چۆن وەسفی(دەنگ بەرزی و دەنگ نزمی - المناداة والمناجاة-) بەکاردێت بۆ ئەو شێوازی قسەکردنە.
3. وشەی(القول) قسەیەکە قسەکەر پێی هەڵدەستێت و دەبیسترێت و واتای هەیە. واتە بۆ قسەیەک بەکاردێت کەوا دەنگ و مانا کۆبێتەوە تیایدا. قورئان و فەرموودە پڕن لەوەی کەوا دەڵێت: قال الله, يقول الله تعالى ...
4. پێغەمبەری پێشەوای مرۆڤایەتی(عليه السلام) وەسفی قورئان دەکات بەوەی لە حەرف پێکهاتووە, دەفەرموێت: ((مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ , وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا , لَا أَقُولُ:{الم}حَرْفٌ, وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ, وَلَامٌ حَرْفٌ, وَمِيمٌ حَرْفٌ))(الترمذي, ٢٠٠٩م, ژمارەی فەرموودە(٢٩١٠), وقال حسن صحيح). تەنانەت مەلائیکە بەڕیزەکانیش وەسفی قورئان دەکەن بەوەی لە حەرف پێکهاتووە, وەک ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت مەلائیکەیەک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا, قەت دانەبەزی بوو بۆ سەر زەوی تەنها ئەو جارە نەبێت, پێی فەرموو دوای سڵاولێکردنی: مژدەت لێ بێت دوو نوورت دراوەتێ بە هیچ پێغەمبەرێک پێش تۆ نەدراوە: سورەتی فاتحە و کۆتایی سورەتی البقرة, بەهەر حەرفێکیان کە دەیخوێنیتەوە پێتدەدرێت: ((بَيْنَمَا جِبْرِيلُ قَاعِدٌ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، سَمِعَ نَقِيضًا مِنْ فَوْقِهِ، فَرَفَعَ رَأْسَهُ، فَقَالَ: " هَذَا بَابٌ مِنَ السَّمَاءِ فُتِحَ الْيَوْمَ لَمْ يُفْتَحْ قَطُّ إِلَّا الْيَوْمَ، فَنَزَلَ مِنْهُ مَلَكٌ، فَقَالَ: هَذَا مَلَكٌ نَزَلَ إِلَى الْأَرْضِ لَمْ يَنْزِلْ قَطُّ إِلَّا الْيَوْمَ، فَسَلَّمَ، وَقَالَ: أَبْشِرْ بِنُورَيْنِ أُوتِيتَهُمَا لَمْ يُؤْتَهُمَا نَبِيٌّ قَبْلَكَ: فَاتِحَةُ الْكِتَابِ، وَخَوَاتِيمُ سُورَةِ الْبَقَرَةِ، لَنْ تَقْرَأَ بِحَرْفٍ مِنْهُمَا إِلَّا أُعْطِيتَهُ))(مسلم,٢٠٠٩م, رقم الحديث-٢٥٤-).
5. پێغەمبەری خودا(عليه السلام) وەسفی خودای پەروەرگار دەکات کە ڕۆژی قیامەت بانگی بەندەکانی دەکات بە سەوت ئەوانەی کە دوورن دەیبیستن وەک ئەوانەی کە نزیکن, دەفەرموێت: ((يَحْشُرُ اللَّهُ العِبَادَ، فَيُنَادِيهِمْ بِصَوْتٍ يَسْمَعُهُ مَنْ بَعُدَ كَمَا يَسْمَعُهُ مَنْ قَرُبَ: أَنَا المَلِكُ، أَنَا الدَّيَّانُ))(البخاري,١٤٤٢هـ, كتاب التوحيد, پێش فەرموودەی ژمارە-٧٤٨١-, البخاري,٢٠١٤م, بەژمارە- 480- , أحمد,٢٠٠١م: ژمارە-١٦٠٤٢-).

مەولەوی وەسفی کلامی خودا بەوە دەکات کەوا نەفسیە, ئەوەش بۆ چونی ئەشعەریەکانە (التفتازاني,١٣٩٣هـ:87-88), وەک دەڵێت(١٩٨٨م:١٨٩, ٢٠٠٠م:١٦):

**وەسفیـکی نەفسی و پاکیـزە و قودسی            مونافیـی سـکووت ئـافـەتـی نـەفـسی**

ئەمەش لای مەولەوی و ئەشعەرییەکان مەبەست پێی ئەوەیە کەوا کەلامی خودای گەورە دوور و بەریئە لە حەرف و صەوت وەک لە پێشتردا باسمان کرد, هەروەها دەڵێن: کەلامی لەفزیی سەرچاوەکەی کەلامی نەفسیە و بەڵگەیە لە سەر کەلامی نەفسی, هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی بڵێن: کەلامی پەروەردگار بەدەنگ و حەرف نیە, پێشتر باسمان کرد کەوا ئەم وتەیەی مەولەوی و ئەشعەریەکان قسەو بۆچوونێکی درووست نییە, چونکە پێچەوانەی بەڵگەی قورئان وسونەتە, پەروەردگار قسە دەکات و قسەکانیشی دەبیسترێن و بە دەنگ و حەرفیشە, ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە سیفەتەکانی خودا درووستکراون, یان لە سیفاتی درووستکراوەکانی دەچێت, نەخێر بە هیچ شێوەیەک لە یەکچوون و شوبهاندن نیە لە نێوان خودا و درووستکراوەکانیدا, هەر یەکەیان سیفاتی تایبەت و شایستە بەخۆیان هەیە, بێ ئەوەی هاوبەش و هاوتای یەکبن لەسیفاتیاندا.

sjh@univsul.edu.iq

**باسی چوارەم: سیفەتی سەلبی (الصفات السلبیة)**

مەبەست بە سیفاتی سەلبی: ئەو سیفەتانەن کەوا نەفی ئەو شتانە دەکەن کە شایستە نین بە خودای گەورە(التمیمی,٢٠٠٢م: 79).

ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کەوا سیفاتی سەلبی لای مەولەوی خودی خۆی سەلبی نیە, بەڵکو بۆیە پێیدەوترێت سەلبی چونکە نەفی سیفاتی دژی خۆی دەکات, واتە نەفی ئەو سیفەتانە دەکات کە شایستە نیە بۆ خوای پەروەردگار و سەلبین.

بەڵام سیفاتی سەلبی یان نەرێنییەکان لای زانایانی سەلەف مەبەست پێی ئەو سیفەتانەن خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی(علیه السلام) نەفییان کردوە و شایستەنین بە پەروەردگار, واتە بەهیچ شێوەیەک پەروەردگاری پێ وەسف ناکرێت, وەک: (خەوتن, وەنەوز, نەتوانین, زوڵم, بیرچونەوە, خێزانداری, بوونی منداڵ, نەزانین, هەژاری, ماندوێتی...). ئەم سیفەتانە هەموویان عەیبن و کەموکورتین و نابێت بدرێنە پاڵ پەروەردگار.

لە سیفاتە سەلبیە نەفیکراوەکاندا وەسف نیە, تەنها لە کاتێکدا نەبێت کەمەبەست پێی نەفیکردنی ئەو کەموکورتیانە بێت کەدەدرێنە پاڵ خودای گەورە, بەمەرجێک دەبێت لەگەڵ ئەو نەفیکردنەدا باوەڕی تەواو هەبن بەوەی کەپێچەوانەی ئەو سیفەتە سەلبیە لە تەواوی سیفاتی خودای گەورەدایە, بۆ نمونە کاتێک نەفی خەوتن و وەنەوز دەکرێت, دەبێت ئیسپاتی تەواوی بەرامبەرەکەی یان پێچەوانەکەی بکرێت کە حەیات و قەیومیەتیە, وەک ئەوەی پەروەردگار دەفەرموێت:{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ }[البقرة:255].

مەولەوی دەڵێت سیفاتی سەلبی ژمارەیان زۆرە و نایەنە دەفتەر لەزۆریاندا, بەڵام دەڵێت: پێنجیان بزانە, ئەو پێنجە ئەسڵی ئەوانی ترن, وەک دەڵێت(١٩٨٨م: ٢٠١- ٢٠٢, ٢٠٠٠م:١٦-١٨):

**سیفاتی سەلبی نایەتە دەفتەر — (ککون اللە لیس بجوهر)**

**لاکین تۆ زەریف بێ ئەم پەنجانە — هەر پێنج بزانە ئەسڵی گشتیانە**

لەو پێنج سیفەتە سەلبیەش کە مەولەوی باسیان دەکات(٢٠١٦م, ٢/501-512):

1. **قیدەم (القدم):**

واتا سەرەتای نیە, یان نەبوونی پێشی نەکەوتوە و هەربوە و ئەزەلیە(مودەڕیس, ١٩٨٨م: ٢٠٣).

ئەم وشەیە وەک ناو بۆ خودا لەقورئان و فەرموودەدا نەهاتوە, بۆیە وەک ناو و سیفەت ناخرێنە پاڵ خودا, بەڵام لە بابی خەبەردا هەندێک لە زانیان وتوویانە کەوا خودا قەدیمە, چونکە بابی ئیخبار فراوانترە لە بابی ناو و سیفات(ابن القیم, ١٤٢٥هـ:١/٢٨٤), خۆ ئەگەر وشەی ئەزەلی بەکار بهێنرێت باشترە, چونکە قەدیم دەکرێت وەسفێکی باش بێت, وە دەکرێت وەسفێکی خراپ بێت, پاشان قەدیم بۆ هەندێک شت هەتاهەتایی نیە, بۆ نمونە قورئانی پیرۆز باسی دارخورما دەکات:{كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ}[یس:٣٩], بە قەدیمیەتی وەسفی دەکات کە قەدیمێکی نیسبیە, واتا سەرەتا و دەستپێکی دروستبوونی هەیە, بێگومان بوون و قەدیمێتی دارخورما هەتاهەتایی و ئەزەلی نیە, کاتێک دارخورمایەکی تر دەبێت بەوەی پێشوو دەوترێت قەدیمە و بە نوێیەکەش دەوترێت تازە, کەواتە قەدیمێتی شتێک بۆ ئەوەیە کەوا لەچاو ئەوانی تری پێش خۆی یان هاوشێوەی خۆیدا ئەو قەدیمترە (ابن أبی العز, ٢٠١٢م:١/ ١٧٢).

لەبری وشەی قەدیم و ئەزەلی, خودای گەورە ناوی خۆی ناوە(**الأول**), پێغەمبەری سەروەرمان بۆمان ڕوون دەکاتەوە بە: (أنت الأول فلیس قبلک شيء)(مسلم, ٢٠٠٩م, ژ مارەی فەرموودە:-٢٧١٣-) واتا هیچی لەپێشەوە نیە.

مەولەوی ئەم وەسفەی بەکارهێناوە وەکو بۆچوونی هەر زانایەکی تری ئەشعەریەکان, تەنانەت عبدالقاهر البغدادي(٢٠٢١م:٣/٢٩٨) دەڵێت: ئومەت کۆدەنگن لەوەسفکردنی الله تعالی بە(القدیم), مەولەوی دەڵێت (١٩٨٨م:٢٠٢):

**یەکێ قیدەمە، دووەم بەقایە — قیدەم سەلبی سەبق عەدەم مەعنایە**

sjh@univsul.edu.iq

مەولەوی دەیەوێت بەم وەسفی قیدمە ئەوە بڵێت کەوا خودای گەورە, ئەزەلییەو هەر بووەو هیچ شتێک لە پێش ئەوەوە نیە, پێش خودای گەورە بوون نیە, نەبوونیش پێشی نەکەوتوە.

2. **بەقاء (البقاء):**

واتا بێ دوایی(بێ کۆتایی),خودای گەورە دەمێنێ و نەبوونی و نەمانی بەسەردا نایەت و ئەبەدییە(مودەڕیس, ١٩٨٨م:٢٠٣).

وەسفی خودا بەوەی باقیە و هەتاهەتایی و ئەبەدی و بێ کۆتاییە. ئەم وەسفە وەک ناو نەهاتوە لە قورئاندا, هەرچەندە پێشەوا البيهقي(٢٠١١م:٢٣٤/١), وەک ناو هێناویەتی و هیچ بەڵگە نیە لە سەری, بەڵام لە کتێبی(الاعتقاد والهداية)(٢٠٠٦م:٦٤,٦٧) وەک سیفەت باسی کردوە, باسکردنی وەک سیفەت کێشەی نیە, چونکە بابی سیفات فراوانترو ڕێگەپێدراوترە تا بواری ناوەکانی پەروەردگار.

لە قورئاندا ئەم وەسفە بە(**الآخر**) هاتوەو پێغەمبەری سەروەرمان(عليه السلام) بۆمان ڕووندەکاتەوە بە:(أنت الآخر فليس بعدك شيء)(مسلم,٢٠٠٩م,ژمارەی فەرمودە:-٢٧١٣-), واتا هیچی لەدواوە نایەت و کۆتایی نایەت.

مەولەوی باسی بەقاء دەکات و ئیسپاتی ئەوەی پێ دەکات پەروەردگار بێ کۆتا و ئەبەدیە, نەفی ئەوە دەکات نەبوون و فەوتان, بەسەر پەروەردگاردا بێت, وەک دەڵێت(١٩٨٨م:٢٠٢):

**بەقا یانێ سەلب لـحـووقی عەدەم وەک ئەزەلی ئەو، وەک ئەبەدی ئەم**

لێرەدا دەبینین مەولەوی هەردوو وشەی ئەزەلی و ئەبەدی بەکاردێنێت لەبەرانبەریەکدا, بەوەی ئەزەلی ئەوەیە کەسەرەتای نیە, و ئەبەدی کۆتای نیە, واتا سەرەتایەک کە نەبوون پێشی نەکەوتووە, وە کۆتایەک کە نەمان و فەوتان و بەدوایدا نایەت, ئەم زاراوانە پەیوەندیان بە کاتەوە نیە

.

3. **المخالفة للحوادث:**

مەولەوی دەڵێت ئەم سیفەتە سەلبی هاوێنەیی و هاوشێوەیی و لێکچوون دەکات لە نێوان پەروەردگار و سەرجەم درووستکراوەکانیدا, وەک دەڵێت(١٩٨٨م:٢٠٢):

**(الـمـخـالـفـة لـلـحـوادثـات) سەلبی هاومیسلی دەگەڵ مەخلووقات**

پەروەردگار بۆ نەفیکردنی هاو وێنەبوون خۆی دەفەرموویت:{لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ} [الشورى:11], وە دەفەرمویت:{وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ}[الإخلاص:4], پەروەردگار بێ هاوتا و بێ وێنەیە لە هەموو سیفاتێکیدا, هەر وەک چۆن بێ هاوتا و بێ وێنەیە لە زاتیدا. دەبێت ئەوە بوترێت مەولەوی لێرەدا هاو ڕا بۆ زانایانی ئەشعەرییەکان پێی وایە حەوادس: جسم و عەرەز و جەوهەر و کات و شوێنە, کەنابێت خودایان پێ وەسفبکرێت, وەک دەفەرمویت(١٩٨٨م: ٢٠١- ٢٠٢, ٢٠٠٠م:١٦ -١٨):

**سیـفـاتـی سـەلـبی نـایـەتـە دەفـتـەر (کـــون الـلــه لـيــس بـجـوهـر)**

4. **القائم بالنفس:**

واتە پەروەردگار پێویستی بە هیچ شتێک نیە, نە هاوکار, نە کاربەڕێکەر و نەئەنجامدەری کار. هەرچی بوێت خۆی ئەنجامی دەدات, تەنها خۆی بڕیاردەرە و کەس نیە بڕیاری بۆ بدات, یان بڕیار و بۆچوون بەسەریدا بسەپێنێت. مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م:٢٠٢):

**(قیـام بـنـفـسـه) وەسـفـی چـارەمین سـەلـبـی ئـیـحـتـیـاج مـانـایـە یـەقـیـن**
**موفـتـەقـیـر نـیـیـە (رب الـكـائـنـات) نە بە مەحەڵلات، نە موخەسسیسات**

5. **وەحدانیەت (الوحدانية):**

مەبەست پێی خودای گەورە تاکوتەنهایە لە زات و سیفاتیدا, و بێ هاوتا و بێ هاو وێنە و بێ هاوکارە, مەولەوی دەڵێت (١٩٨٨م:٢٠٢):

**پەنجەم خۆی مانای وەحدانـیـیـەتـە سەلبی تەعەددود, نەفی کـەسـرەتـە**

sjh@univsul.edu.iq

لە زات، لە سیـفـات، لە ئەفعـالـەدا　　　　لە هەموو شەئن و هەموو حـاڵـەدا

**باسی پێنجەم: چەسپاندنی سیفەت بێ بەڵگە**

مەولەوی چەند شتێک باس دەکات وا لەسیاقی نووسینەکانیدا هاتوە کە وەک وەسف بۆ خودا بەکاردەهێنرێن, بەڵام بەڵگەی شەرعیان لە سەر نیە, و نابێت لە خۆوە بەو شێوازە ئەو وشانە یان ئەو دەستەواژانە بەکاربهێنرێن لەکاتی باسکردنی خودای گەورەدا تا خراپ تێگەشتن ڕوونەدات لەوەسفکردنیدا, لەوانە:

**یەکەم: سیفەتی باڵا:** مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م:١١٧):

**کـاڵای ئەو باڵاس ئـەزەل تا ئـەبـەد　　　　(ولــم یــکــن لـــه کــفـــوا أحــد)**

مامۆستا عبدالکریم مودەڕیس لە شەرحی ئەم دێرە شیعرەی مەولەویدا(١٩٨٨م:١١٧) دەڵێت:(( مەعنای (ولم یکن له کفوا أحد) کاڵایەکە لە ئەزەلەوە تا ئەبەد بە باڵای زاتی خودای گەورە براوە...)).

لە زانستی عەقیدەدا یاسایەک هەیە دەڵێت: چەسپاندنی سیفات یان نەفیکردنی دەبێت بە پێی بەڵگەی شەرعی بێت لە قورئان وسونەت(ابن عثيمين, ١٤٤٤هـ: 204). مەولەوی لێرەدا کە وەسفی خودا دەکات بەوەی باڵای هەیە, هیچ بەڵگەیەکی نیە بۆ سەلماندنی ئەو سیفەتە, بۆیە دەبێت خۆ بە دوور بگیرێت لە بەکارهێنانی وەسفێک کە بەڵگەی شەرعی لەسەر نیە, لەزمانی کوردیدا هەندێک دەستەواژە بەکاردێت هاو وێنەی(کاڵا بەقەد سباڵا) وەک: (پڕ بەپێستێتی, یان دەڵێن: پڕ بەپێستی خۆیەتی), ئەم تەعبیرانە نابێت لە بواری سیفاتدا بەکاربهێنرێت, ئەگەر پاساویش ئەوەبێت بوترێت: لەبواری مەجازدایە نەک حەقیقەت, یان بوترێت: لەسەردی شیعر و سیاقی کەلامدا هاتووە, چونکە مەجاز لە سیفاتدا نیە, سەیر لەوەدایە مەولەوی ئەم وەسفە دەکات(کاڵای ئەو باڵاس) و خودی خۆشی نەفی جسم و عەرەز و جەوهەریش دەکات, کە ئەمانە پێکەوە لەگەڵ بوونی باڵادا یەکناگرنەوە.

**دووەم: سیفەتی شعوور:**

مەولەوی لەباسی وەسفی عیلمدا دەڵێت (١٩٨٨م: ١٥٤, ٢٠٠٠م: ١٨):

**دووەمیـن سیـفـەت عیـلم و شعووره　　　　لە سەبقی جەهل و تەفەککور دووره**

وەک دەبینرێت لەم دێرە شیعرەدا مەولەوی لەگەڵ سیفەتی عیلمدا, شعووریش باس دەکات وەک سیفەتێک بۆ پەروەردگار, لەگەڵ ئەوەشدا شعوور نە بەواتای عیلم دێت, وە نەهاوتاشیەتی(مرادف), ئاشکرایە لە بواری سیفاتی پەروەردگاردا دەبێت ئیسپات ونەفیکردن هەردوکیان بەبەڵگەی شەرعیەوە بێت, لێرەشدا هیچ بەڵگەیەک نیە لە سەر ئیسپات بوونی سیفەتی شعوور بۆ خودا, بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو سیفەتە بدرێتە پاڵ پەروەردگار بێ بوونی دەلیل, ئەمە سەرەڕای ئەوەی واتای شعوور ناگونجێت لەگەڵ زانست و گەورەیی پەروەردگاردا, چونکە شعوور: زانیاری و زانستە بە شتێک بە هۆی هەستەکانەوە دەزانرێت, (عِلْمُ الشيء عِلْمَ حس)(الجرجاني,١٩٨٣م:127), ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا پێشتر ئەو شتە نەزانراوە و دواتر زانراوە بە هۆی هەست و هەستەوەرەکانەوە, بەدڵنیاییەوە پەروەردگار هیچ شتێکی لێ ون نابێت و هیچی لێ شاراوە نیە تا دواتر هەستی پێ بکات و بیزانێت, لەبەر ئەوەشە خودای گەورە وەسف ناکرێت بە شاعیر و بە شعوور بوون, بەڵکو وەسفدەکرێت بە عالم و زانین (العسكري, ١٤١٢هـ:٨٣, المناوي,١٩٩٠م:204, الجزائري, ١٤١٢هـ:٣٨٣). بۆیە دەبێت خۆ بپارێزرێت لەکارهێنانی ئەو جۆرە وشە و دەستەواژانە بۆ خودای پەروەردگار.

**سێ یەم: شەپۆل (الموج):**

مەولەوی باسی مەوج دەکات و دەڵێت(١٩٨٨م:١٠٩):

**ئـەحـەد کـە نـاکـاو مەوجـێـکی داوه　　　　پـووشی شیـرک و نەقـس دەداتە لاوه**

یەکێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار(أحد)ە و لێرەدا گومانی تێدا نیە مەبەست پێی پەروەردگارە, مەولەوی بە هەستی شاعیرانەی خۆی دەڵێت ئەحەد شەپۆلی داوە, وەسفی خودا بەوەی شەپۆل بدات وەسفێکی دوورە لە دەقی قورئان وسونەت, و ناکرێت بێ گەڕانەوە بۆ ئەو دوو سەرچاوەیە هیچ وەسفێک؛ نە بە ئیسپات وەنە بە نەفیکردن بکرێت بۆ خودا, شەپۆل جوڵە و نائارمی و شڵەژان و تەکاندان و تێکدانی شتێکە بە سەر شتێکی تردا, و بە هۆی شتێکی ترەوە ڕوودەدات

هەر وەک شەپۆلی دەریا و زەریاکان. شێخ محمدی خاڵیش(خاڵ,٢٠٢١م:٢٩٥) دەڵێت: شەپۆل:(تەکاندانی ئاوە بەهۆی شتێکەوە), کەواتە لە شەپۆلدا دەبێت کارەکتەرێکی تر هەبێت تا ئەو جوڵە و نائاسایی و نائارمیە ڕووبدات, پەروەرگاریش دوورە لەم وەسف و ڕووداو و کارانە, لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الموج- موج - یموج) هاتوە و هەموویان غەیری پەروەردگاری پێ باسکراوە, بۆیە دەبێت خۆ بە دوور بگیرێت لە بەکارهینانی هەر وەسفێک کە دوورە لە گەورەیی زاتی پەروەردگارەوە. بەکارهێنانی ئەم جۆرە وەسفانە بە بیانوی بوونی مەجاز کارێکی نەشیاو ناپەسەندە, دەبێت ئەوەش بزانرێت کەوا مەجاز لەبواری عەقیدەدا بەتایبەت سیفات بەهیچ شێوەیەک بوونی نیە, قبوڵناکرێت.

مامۆستا عبدالکریم مودەڕیس لە شەرحی عەقیدەی مرضیەکەیدا(١٩٨٨م: ١١١), ئەو شەپۆلە دەداتە پاڵ واتای(أحد) و دەڵێت:((لەفزی(أحد) کە شەپۆلیدا بە مەعنای خۆی پووشی شیرکی خستە لاوە و نەفیی هاوبەشی لە خودا کرد و خەوش و خاڵی کەم و کووڕی دایە لاوە)).

هەرچەندە ناوی پیرۆزی(أحد) بە واتای تاکوتەنهای و بێ هاوتایی دێت, بەڵام دەبێت ئەوەبزانرێت کەوا لەفزەکە نیە ئەو شەپۆلە دەدات بەخۆی, بەڵکو زاتی (الله)یە کە دوورە لە شیرک و کەموکورتی و هەموو عەیبێک. خۆ لێرەدا ئەگەر مەولەوی مەبەستی خودای گەورەش نەبێت بەڵکو مەبەستی لەفزی (أحد)یشبێت, ئەوا خۆ بەدوورگرتن لەبەرکارهێنانی ئەو وشە و دەشتەواژانە پێویستە, بۆ ئەوەی کەس بیری نەڕوات بۆ ئەو جۆرە وەسف و باسانە بۆ خودای باڵادەست.

**باسی شەشەم: تێڕوانینی مەولەوی بۆ دەقەکانی سیفاتەکانی پەروەردگار**

بەسەیرکردن و ڕوانین لەو کتێب و هۆنراوانەی مەولەوی نوسیوونی و دایناون لەسەر عەقیدە, دەبینین هەڵوێستی مەولەوی بەگشتی لە سێ تەوەردا خۆ دەبینێتەوە:

**تەوەری یەکەم: چەسپاندنی سیفات (إثبات الصفات):**

مەبەست لەچەسپاندنی سیفاتی پەروەردگار باوەڕبوونە بە هەموو ئەو سیفەتانەی لەقورئان و سونەتدا هاتوون. وە چەسپاندنیان بەو شێوازەی کەوا شایستەن بە گەورەیی پەروەردگار, بەبێ تەئویلکردن یان گۆڕین و بەلاڕێ بردن و لەکارخستنیان یان چواندن یان وێناکردنیان.

مەولەوی ئیسپاتی هەندێک لە سیفاتەکانی خودای گەورەی کردوە بە شێوازێکی گشتی, لە سیفاتە زاتیەکان کە باسیکردون و چەسپاندونی: یەک خوایی بوون(الوحدانية), زیندوێتی, زانین, خوایەتی(الإلهية), پەروەردگارێتی(الربوبية), والصمدية.

لەسیفاتە ئیختیاریەکان کەچەسپاندونی: بیستن و بینین, و توانایی(القدرة), ویستن, و دروستکردن(الخلق والإيجاد).

**تەوەری دووەم: تەئویل کردنی سیفات (تأويل الصفات):**

تەئویل کردن یەکێکی ترە لەو ڕێگا و بۆچوونانەی هەندێک لە زانایانی ئەهلی کەلام پەیڕەوی دەکەن لە هەندێک لە سیفەتەکانی پەروەردگاردا, کاتێک وا دەزانن زاهیری ئەو دەقە شەرعیانە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بڵێن ئەو سیفەتانەی خوای گەورە لە سیفاتی مرۆڤ و درووستکراوەکانی دەچێت, ئەمەش هەڵە تێگەشتنێگی ئەوانەیە کەوا دەڕوانن لەو سیفەتانە, ئەگینا بە هیچ شێوەیەک لێکچون نیە لە نێوان سیفاتی خودای گەورە و هیچ کام لە درووستکراوەکانیدا, هەریەکەیان سیفاتی تایبەت بەخۆی هەیە هەرچەندە لە ناویشدا ئەو سیفەتانە لەیەک بچن, بەڵام لە یەکچونیان لە ناودا بەواتای لێکچون نیە لە سیفاتدا.

تەئویل لەزمانی عەرەبیدا کۆمەڵێک واتای هەیە لەوانە: گەڕانەوە, سەرەنجام و کۆتای, تەفسیر و لێوردبونەوە, دەرخستن و ئاشکرا کردن, گۆرانکاری(ابن فارس, ١٩٧٩م:١/ ١٥٩-١٦٢ , الأزهري, ٢٠٠١م: 15/ 437-442, ابن منظور, ١٤١٤هـ: 11/ 32-40, لەهەمویاندا مادة: أول).

تەئویل وەک دەستەواژەیەکی زانستی لای زانایانی پێشین بە دوو واتا هاتوە(ابن القيم, ١٤١٢هـ:١/ ١٧٧-١٧٨):

1. **بەواتای تەفسیرو بەیانکردن:** وەک ئەوەی زانایانی پێشین بەتایبەت شێخی موفەسیرەکان ابن جریری تەبەری زۆر بەکاری دێنێت لە تەفسیرەکەیدا.
2. **حەقیقەتێکە کە دێتەدی**, ئەوەش زۆربەی واتای وشەی (التأويل)ە کە لە قورئاندا هاتووە.

بەڵام لای زانایانی دوایین (المتأخرين) بە واتایەکی تر هاتووە ئەویش:

**3. گۆڕینی واتای وشەیەکە لەواتا دیارو دروستە زمانەوانیەکەیەوە بۆ واتایاکی تری کە لەوانەیە بەهۆی بەڵگەیەکی ترەوە ئەو واتا نوێیەش بگرێتەوە.** (ابن تیمیة, ١٩٩٥م:٣/ ٥٥).

دوو جۆری یەکەم؛ زانایانی پێشین بەکاریان هێناوە و هەیە, بەڵام جۆری سێیەم لە سێ سەدە زێرینەکەی ئیسلامدا زانایان ئەو وشەیەیان بەو واتەیە بەکارنەهێناوە, چونکە تەئویل بەم واتای سێیەمە: گۆڕین و لەکارخستن و نەفیکردن و چواندنی سیفاتی پەروەردگارە بەسیفاتی درووستکراوەکان یان سیفەتێکی وێناکراو.

مەولەوی وەک زۆرێک لە زانایانی موتەئەخیرینی ئەهلی کەلام پێی وایە ئەگەر دەقێکی قورئان یان فەرموودە نەکرا واتا زاهیرەکەی لێکبدرێتەوە, یان تەشبیه و لێکچونی تیدابوو لەگەڵ سیفاتی مرۆڤ و درووستکراوەکانی خودادا, ئەوا دەبێت تەئویل بکرێت, ئەمەش بە مەزهەبێکی ڕاست و دروست دەزانێت و ناوی دەنێت مەزهەبی خەلەف, وەک دەڵێت(١٩٨٨م:٢٠٦):

**هەرچی کە زاهیر پێی وارید دەوێ — مەعنای دەرهەقی حەق جائیز نەوێ**
**وەکو (استوا) و (ید) و (وجە) و(عین) — لە مەعنای زاهیر تەنزیهی دەکەین**
**ئەمجار یا تەفویز دەکەین وەک سەلەف — یا تەئویل دەکەین هەر وەکو خەلەف**
**مەزهەبی ئەووڵ ئەڵبەت ئەسلەمە — ئەمما مەزهەبی دووەم ئەعلەمە**

وە لە (الفضیلة)شدا دەڵێت(٢٠١٦م: ٧٨٢/٢):

**نصوصه کالسنن الزواهر — ما أمكن احملها على الظواهر**
**كسلف فوض في نحو المشكل — أو فصلن كخلف, و أول**

لە تەوەری سێیەم کە باسی تەفویزە باسی نمونەی تەئویلیش دەکەین.

**تەوەری سێیەم: تەفویز کردنی سیفات (تفويض الصفات):**

لە زمانی عەرەبیدا (تفویض) بەچەند واتایەک دێت لەوانە: سپاردن, گەڕاندنەوە, یان خۆخستنە پاڵ یان تەسلیم بوون(ابن فارس,١٩٧٩م:٤٦٠/٤), وەک ئەوەی کارێک یان شتێک بدەیتە دەست یەکێکی تر یان پێبسپێریت(النووي,١٤٣١هـ:75/1-76), لەقورئانی پیرۆزدا ئەم وشەیە هاتووە, لەباسی باوەڕدارەکەی قەومەکەی فیرعەوندا کە وتی: هەموو کاروبارێکم دەگێڕمەوە بۆ لای پەروەردگار و خۆم بەتەواوی تەسلیمی ئەو دەکەم{وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ}[غافر:44].

تەفویز وەک زاراوەیەکی عەقیدەیی لە سیفاتدا: مەبەست پێی: (سپاردنی زانیاری بوونە بەشتێک بۆ لای خودای پەروەردگار) (القاضی: ١٩٩٦م:152, آل خضیر: ٢٠١٦م:٩٥).

دەکرێت بۆ تەفویزی مانا و چۆنێتی بوترێت: بێدەنگ بوون یان زانیاری نەبوون بەسیفاتی پەروەردگار و گەڕانەوەیەتی بۆ لای خودای گەورە. بەڵام دروستترە بوترێت: **(بێدەنگ بوون و زانیاری نەبوونە بەچۆنێتی سیفاتی پەروەردگار و گەڕانەوەیەتی بۆ لای خودای گەورە)**, ئەوش بۆ ئەوەی زانینی واتای دەقەکانی سیفات کە زانایان فەرمویانە زانراوە(معلوم) نەکرێتە باب تەفویز.

**تەفویز لەسیفاتدا دوو جۆرە:**

**یەکەم: تەفویزی چۆنێتی سیفات(تفويض الكيفية):**

گەڕانەوەی زانیاری بوونە بەچۆنیەتی سیفەتەکان بۆ لای خودای گەورە, لەگەڵ ئیسبات کردنی سیفەتەکە بە جۆرێک کە شایستە و گونجاوبێت بە الله تعالی.

واتە لەم جۆرەدا دەزانرێت واتای سیفەتەکە چیە و ئیسپات دەکرێت, بۆ نمونە سیفەتی دەست(الید), یان سیفەتی ئیستواء(الاستواء), دەزانین واتا و مەبەست پێی چیە ودیارە, بەڵام شێواز و چۆنێتی ئەو سیفەتە کەس نایزانێت پەروەردگار خۆی نەبێت, لەگەڵ ئەوەشدا نابێت قسە لەسەر چۆنێتی و چەندێتی و هاووێنەیی و هاوشێواندنی تەنانەت لەبیرکردنەوەشدا بۆ بکرێت, چونگە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراونیە, ئەوش مەزهەبی زانایان و پێشینی ئومەتە.

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم: تەفویزی واتای سیفات (تفويض المعنى):**

تەفویزی واتای ئەو لەفزەی کەباسی سیفەتێک دەکات بۆ لای خودای پەروەردگار.

لەم جۆری دووەمەدا ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە لە سەر تەفویز؛ نەفیکردنی واتای تێگەشتوو لەو دەستەواژەیە یان ئەو زاراوەیە یان ئەو وشەیە دەکەن کەباسی سیفەتەکەدەکات, لەگەڵ نەفیکردنی چۆنێتی سیفەتەکەدا. ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە دەکەونە نێو ئەم ئەگەرانەوە (آل خضير: ٢٠١٦م:٩٦):

1. باوەڕیان وایە زاهیری واتای تێگەشتوو لەم دەقانەی باسی سیفات دەکەن سەردەکێشێت بۆ تەشبیهـ و تەجسیم.
2. لای خۆیانەوە دڵنیان کەزاهیری ئەم دەقانەی هاتوون لەسیفاتدا مەبەست نین.
3. گۆرینی یان لادانی(صرف) واتای زاهیری ئەو دەقانەی باسی سیفات دەکەن.
4. دیاری نەکردنی واتایەکی دیاریکراو بۆ ئەو دەقانەی باسی سیفاتدەکەن بۆ واتایەک کەلەوانەیە ئەو وشەیە ئەو واتایەش بگرێتەوە.

ئەم بۆچوونە گەر سەربکێشێت بۆ نەفیکردنی سیفەت بەبیانووی ئەوەی دەڵێن خودا خۆی دەزانێت مەبەستی چیە, کەس نازانێت واتای ئەو سیفەتانە چیە, ئێمە ناتوانین لە مەبەستی ئەو دەقانە تێبگەین, کارێکی نادروستە, چونکە نەفیکردنی سیفاتی خودای گەورەیە.

هەندێک لەخاوەندارانی ئەم جۆرەی تەفویز کاتێک ئەم کارەدەکەن دەڵێن: واتاکەی تەشبیهـ دەگەیەنێت, بۆیە پەنا دەبەنە باڵ تەئویل, ئەگەر بۆیان تەئویل نەکرا لە سەر بۆچوونی خۆیان, ئەو کات دەڵێن تەفویز, ئەمەش مەزهەبی زۆرێک لە موتەئەخیرینی ئەشعەری و ماتوریدیەکانە.

کەواتە شوێنی تەفویزکرن ئەو ئایەت و فەرمودانەیە کەباسی سیفات دەکەن, گوایە ئیشکالیان تێدایە و تەشبیهـ دەگەیەنن, واتە لە سیفاتی درووستکراوەکان(المخلوقات) دەچن, یان واتای تەجسیم دەگەیەنن.

لەوانەشە هەندێک لەوانەی تەفویزی واتای دەقەکان دەکەن, و پێیانوایە ئەوە مەزهەبی سەلەفە, لەوەدا کەوتوونەتە هەڵەوە وادەزانن هەندێک دەستەواژەی بەکار هاتوو لای زانایان پێشین بەواتای نەفیکردن یان تەئویلکردنی یان نەچەسپاندنی واتای ئەو سیفەتانەدێت, بۆیە بەپێویستی دەزانم بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی زانایانی سەلەف, دوو سەرنجی گرنگ لێرەدا باسبکرێت, ئەوانیش:

1. **نەفی تەفسیرکردن:** تەفسیرنەکردنی واتای ئەو دەسەواژەیەی باسی سیفەتەکە دەکات لەگەڵ باوەڕبوون بەواتای سیفەتەکە و چەسپاندی واتاکەی, ئەمە رێگەی هەندێک لە زانایانی پێشینە, کاتێک باسی سیفەتێکیان لێپرسراوە, وتویانە ئەم فەرموودانە زانایانی متمانەپێکراو لەیەکتریان گێراوەتەوەو تەفسیریان نەکردوە, ئێمەش باوەڕمان پێیەتی و بێدەنگدەبین لەتەفسیرکردن و قسەکردن لەسەری.
2. **تێپەڕاندن بەو شێوازەی هاتوە:** بێ باسکردنی چۆنێتی سیفەتەکە, یان بێ ئەوەی تەفسیری بکەن. خاوەندارانی ئەم بۆچوونە باوەڕیان بە بوونی سیفات و واتاکەی هەیە, بەڵام بۆ زانینی چۆنێتی سیفاتەکە دەڵێن: کەس نایزانێت تەنها خودا خۆی نەبێت, هەروەک هەندێک لە زانایان وتوویانە( امضوا الأحاديث على ما جاءت, أو أمروها كما جاءت بلا كيف).(البيهقي, 2019م: ١٠٩٥/ ژمارە- ٩٥٤, ٩٥٥-).

تەفویزی مەعنای دەقەکانی سیفات بەوەی واتایان نازانرێت, سەردەکێشێت بۆ لەکەدارکردنی پێغەمبەران کەنێردراون بۆ روونکردنەوەی مەبەستی خودای گەورە و ناساندنی پەروەردگار بە بەندەکانی, بەڵکو سەرکێشانە بۆ بەدرۆخستەوەی پەروەردگار, کە قورئانی پیرۆزی بەزمانی عەرەبی ئاسان و واتادیار ناردوە بۆ مرۆڤایەتی.

مەولەوی(رحمه الله) باوەڕی بە تەفویز هەیە لە سیفاتدا, بەڵکو بە مەزهەبی سەلەفیشی دادەنێت وەک دەڵێت(٢:٢٠١٦/٧٨٢):

| | |
|---|---|
| **نـصـوصـه كـالـسـنـن الـزواهـر** | **ما أمـكـن احمـلـهـا علـى الظـواهـر** |
| **كسلف فوّضِ في نحو المشكل** | **أو فــصــلــن كــخــلــف, وأوّل** |

یان دەڵێت(١٩٨٨م:٢٠٦):

| | |
|---|---|
| **هەرچی کە زاهیر پێی وارید دەوێ** | **مەعنای دەرهەقی حەق جائیز نەوێ** |
| **وەکو (استوا) و (يد) و (وجه) و(عين)** | **لە مەعنای زاهیر تەنزیهی دەکەین** |
| **ئەمجار یا تەفویز دەکەین وەک سەلەف** | **یا تەئویل دەکەین هەر وەکو خەلەف** |

**مەزهەبی ئەووەڵ ئەڵبەت ئەسلەمە ئەمما مەزهەبی دووەم ئەعلەمە**

گومانی تێدا نیە تەفویزکردنی واتا خستنە پاڵ سەلەف کارێکی نادروست و ناپەسەندە, چونکە مەزهەبی پێشین ئیسپاتی سیفاتە بەو شێوازەی کە شایستەیە بەزاتی پەروەردگار, سەلەف تەفویزی چۆنێتی سیفات دەکەن(الكيف), نەک واتای سیفات. تەنانەت تەفویز مەزهەبی پێشینی ئەشعەریەکانیش نیە وەک پێشەوا ئەبولحەسن کە ساڵی(٣٢٤هـ) کۆچی کردوە, چ جای زانایانی سێ سەدە زێرینەکەی ئیسلام. کەمێکی تر باسی باوەڕی ئیمامی ئەشعەری دەکەین لەسەر دوو سیفەت کە مەولەوی هێناونی و دەڵێت تەشبیهیان تێدایە, مەولەوی دەڵێت(١٩٨٨م:١١٧):

**لە (علی عینی) وەک (ید اللە)ی بێ فەڕ حاڵی بوو, وەک ساهی لاهی**
**موشەبیهـ حەقی نتەدی لە ناودا دەسی تەشبیهی دا وەناو چاودا**

مەولەوی لێرەدا باسی دوو سیفەت دەکات: چاو(العين), لەگەڵ دەست(اليد), دەڵێت ئەوەی ئیسپاتی ئەم سیفاتانە دەکات ئەوا موشبیهەیە و خراپ حاڵی بووە و بەسەهودا چوە و بێ ئاگایە, چونکە حەق نازانێت و تێ نەگەیشتوە لەوەی کەوا دەست و چاو سیفاتی مەخلوقن, و ئیسپاتکردنیان؛ شوبهاندنی خودایە بە درووستکراوەکانی, بۆیە لای مەولەوی دەبێت لەم کاتەدا موسڵمان و خوێنەری ئەم ئایەتانە دوو شت بکات؛ یان دەبێت تەفویزبکات و بڵێت نازانرێت واتای(دەست, چاو, استواء, وجە)چیە, واتاکەی دەگێڕێتەوە بۆ لای خودا خۆی, و تەنها خودا دەزانێت مەبەستی چیە بەو دەستەواژانە, مەولەوی ئەمە دەخاتە پاڵ مەزهەبی سەلەف, هەروەها دەڵێت: یان ئەوەتا دەبێت وەک خەلەف تەئویل بکات و بڵێت: دەست: توانایە (القدرة), چاو: زانین و زانستە(العلم), استواء: ئیستیلای جیهانە, وجە: زاتە. لەوش سەیرتر تەفویز بە مەزهەبی سەلەف و ئەسلەم دادەنێت و تەئویل بەمەزهەبی خەلەف و ئەعلەم دادەنێت, کە ئەمەش شتێی نامۆیەو پەسەندکراو نیە بوترێت خەلەف زاناترن لە پێشین.

تەفویز بەو جۆرەی باس دەکرێت دەبێتە جۆرێک لە نەفیکردنی سیفات و بە هیچ شێوەیەک ئیسپاتی سیفاتی تێدا نیە, ئەم بۆ چونەی مەولەوی جیا نیە لە بۆچوونی موتەئەخیرینی ئەشعەریەکان, ئەوەتا برهان الدينی لەقانی(رحمه الله) لە هۆنراوەی جوهرة التوحيد (٢٠١٩م:٥٥) دەڵێت:

**وكـل نـص أوهـم الـتـشـبـيـها أوّلـه أو فـوض ورم تـنـزيـهـا**

بەڵام ئەم بۆچوونەی مەولەوی و لەقانی و موتەئەخیرینی مەزهەب, پێچەوانەی بۆچوونی پێشەوا ئەبولحەسەنی ئەشعەرییە کە دانەری مەزهەبی ئەشعەریەتە و دەڵێت: خودای گەورە دوودەستی هەیە و دوو چاوی هەیە, دەڵێت: پەروەردگار بەو دوو دەستە پیرۆزەی خۆی ئادەمی دروست کردوە, ئەو دەستانەش نیعمەت و قودەرت نین, وە دەشڵێت: فەزڵی ئادەم بە سەر ئیبلیسەوە ئەوەیە کەوا پەروەردگار بەدەستی پیرۆزی خۆی ئادەمی دروستکردووە, ئەم پێشەوایەی ئەهلی سونەت ئسپاتی سیفەتی (دەست و چاو) بۆ پەروەردگار لە سێ کتێبیدا دووبارە دەکاتەوە و هیچ بیانویەک ناهێڵێتەوە بۆ شوێن کەوتوانی تا نەفی و نکوڵی ئەو سیفەتانە بکەن(الأشعری,٢٠١١م:٤٥٥-٢٠١٥,٤٦٠م:١٩٥-١٩٦,٢٠٢٢م:٥٩٩/١,٤٨٥). هەروەها پێشەوا البيهقی (٢٠٠٦م:91) بەهەمان شێوەی ئیمامی ئەشعەری ئەویش ئیسپاتی ئەو سیفەتانە دەکات, ئیتر چۆن مەولەوی دەڵێت تەفویز مەزهەبی سەلەفی ئومەتە؟! خۆ ئەبولحەسەنی ئەشعەری کاتێک دەیووت (بيدي, بل يداه) دوو دەستی پەروەردگارە کە شایستەن بە گەورەی خودای گەورە بێ ئەوەی بزانرێت کەیفیەتی ئەو دەستە چۆنە, زۆر باش دەیزانی ئەمە نەصی ئایەتی قورئانە, ئەی بۆ تەئویلی نەکرد, یان بۆ تەفویزی نەکرد, ئایە نەیدەزانی کەوا ئەم ئایەتانە تەشبیهی تێدایە, ئایە نەیدەزانی درووستکراوەکانی پەروەردگاریش دەستیان هەیە؟! ئەی بۆ ئەم سیفەتانەی جێگیرو چەسپاندووە؟! کێ بوێری ئەوەدەکات بڵێت ئەبولحەسەنی ئەشعەری موجەسیمەو موشەبیهەیە؟!

زانای پایەبەرز ئیمامی ئەشعەری بەوەش نەوەستاوە کەتەنها چەسپاندنی ئەو سیفەتانەبکات بۆ خودای پەروەردگار, بەڵکو نەفیکردنی سیفات دەداتە پاڵ موعتەزیلەو دەڵێت: سەرجەم موعتەزیلە کۆدەنگن لەسەر نکوڵیکردنی سیفەتی چاوو و دەست, دواتر ئیمام ئەشعەری هەڵوێستی موعتەزیلەکان بۆ ئەم نەفیکردنەیان ڕووندەکاتەوە کە دوو قسەیان هەیە: هەندێکیان نکوڵی بوونی ئەو سیفەتانە دەکەن بۆ خودا کە بووترێت: خودا دوو دوستی هەیە, یان خودا خاوەن چاوە, یان دوو چاووی هەیە, هەندێکی تریان دەڵێن: خودا دەستی هەیە, یان خودا دوو دەستی هەیە, بەڵام لەواتای ئەم سفەتانەدا وتویانە: دەست نیعمەتە, چاوو زانینە و خودا زانایە, لەم ئایەتەدا چاوویان بەزانست –علم- تەئویلکردووە.«وأجمعت المعتزلة بأسرها على إنكار العين واليد وافترقوا في ذلك على مقالتين: فمنهم من أنكر أن يقال: لله يدان وأنكر أن يقال: أنه ذو عين وأن له عينين. ومنهم من زعم أن لله يداً وأن له يدين وذهب في معنى ذلك إلى أن اليد نعمة وذهب في معنى العين إلى أنه أراد العلم وأنه عالم وتأول قول الله عز وجل:{وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي}[طه:39] أي



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بعلمي.»(الأشعري,٢٠٢٢م:٤٦٤/١). وەک لێرەدا دەبینرێت ئیمامی ئەشعەری نەفیکردنی سیفات بە مەزهەبی ئەهلی سوننە و حەدیس ناناسێنێت, بەڵکو دەڵێت مەزهەبی موعتەزیلەکانە کە نەفی سیفەتی خودای گەورە دەکەن. ئیمامی ئەشعەری بۆ خۆی ساڵانێکی زۆری ژیانی لەنێو موعتەزیلەدا بووە, دوای کە گومڕایی و هەڵەی موعتەزیلەکانی بۆ دەرکەوت وازیلێهێناون. دواتر باسی مەزهەبی موعتەزیلە و شاراوە و نەبیستراوەکانی ئەو مەزهەبە خۆسەپێنە هەڵەیەی لە کتێب و نووسینەکانیدا هەمووی بۆ موسڵمانان ڕوونکردۆتەوە.

زۆر جێگای سەرسوڕمان و تێرامانە ئەبولحەسەنی ئەشعەری لەنێو هەناوی موعتەزیلەدا گەورەبوو, کەسکێکی شارەزاو بلیمەتی ئەو مەزهەبەبوو, بوێرانە لەو مەزهەبە هاتەدەر و کەوتە دژایەتیان, بەجۆرێک کە دەتوانرێت بووترێت ئیمامی ئەبولحەسەن بۆ دژایەتی موعتەزیلە دروستبووە کەنەفی سیفاتیان دەکرد, بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆرێک لەشوێنی کەوتوانی کەوتوونەتەوە نکوڵیکردنی سیفاتی پەروەردگار بەتایبەتی سیفاتە زاتی و فیعلیەکان, بەڵکو ئەو قسەو بۆچوونانەیان هەیە کەپێشتر موعتەزیلە هەیانبووە و ئەبولحەسەن(رحمه الله) پێیرازی نەبووە و وەڵامی دەدانەوە, لەوەش خراپتر موتەخیرینی ئەشاعیرە ئەو نەفیکردن و تەئویلکردن و تەفویزکرنەی سیفات بە مەزهەبی ئەهلی سوننەت و سەلەف دەناسێنن, لەکاتێکدا خاوەن و دروستکەرو پێشەنگی مەزهەب (رحمه الله) ئەو سیفەتانەی جێگیرکردووە بێ تەئویل و بێ تەفویض.

**دەرئەنجام:**

1. مەولەوی بەرهەمێکی زۆری پێشکەش کردووە لە بواری عەقیدە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی.
2. مەولەوی لەعەقیدەدا شوێنکەوتەی ئەهلی کەلام, موتەئەخیرنی ئەشعەریەکانە.
3. مەولەوی ئیسپاتی حەوت سیفاتی مەعنەوی دەکات, لەگەڵ باسکردنی پێنج سیفاتی سەلبیدا.
4. لە سیفەتی کەلامدا پێی وایە کەلامی خودای گەورە نەفسیە و بێ حەرف و صەوتە.
5. لە تێڕوانینی بۆ دەقەکانی سیفاتدا باوەڕی بە تەئویل و تەفویز هەیە.
6. هەندێک سیفەت ئیسپات دەکات لە وانە شعوور, کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نیە.

**ڕاسپاردە و داواکاری:**

لەکۆتایی ئەم گەشتە زانستیەدا لەگەڵ مەولەوی شاعیر و ئەدیب و زانادا, بینیم کەوا ئەم زانا کوردە وەک پێویست و شایستە گرنگی نەدراوە بە هەوڵ و بەرهەمەکانی و ئەو پاشخانە زانستیە گەورەیەی لە دوای ئەم زانا گەورەیەوە بە جێماوە, بۆیە داوا دەکەم:

1. گرنگی بدرێت بە بەرهەمەکانی ئەم زانایە و هەوڵی کۆکردنەوەو بەیەکەوە وەک: کۆ بەرهەمەکانی مەولەوی بەچاپ بگەیەنرێن و بڵاوبکرێنەوە.
2. بانگێشتی توێژەران و زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەکەم کەوا گرنگی بە بەرهەم و کتێبەکانی ئەم زانا و شاعیرە بدرێت, لە بوارە جیاوازە زانستی و هونەری و زمانەوانی و ئەدەبیەکاندا لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ بۆچوون و هەڵوێست و بیروڕاکانی.

**سەرچاوەکان:**


1. ابن أبي العز, شرح العقيدة الطحاوية, علي بن علي بن محمد بن أبي العز الحنفي(ت:792هـ), تحقيق: د.عبدالله بن عبدالمحسن التركي, وشعيب الأرنؤوط, دار الرسالة العالمية, ط: الثانية, 1433هـ-2012م.
2. ابن العطار, الإعتقاد الخالص من الشک والإنتقاد, الشيخ الإمام علاءالدين ابن العطار(ت:724هـ), تحقيق: علي حسن علي الحلبي الأثري, دار الكتب الأثرية, ط: الأولى, 1408هـ.
3. ابن القيم, الصواعق المرسلة على الجهمية والمعطلة, محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية(ت:751هـ), تحقيق: د.علي بن محمد الدخيل الله. ط: الثانية, 1412هـ- دار العاصمة- الرياض.

4. ابن القيم, بدائع الفوائد, محمد بن أبي بكر ابن قيم الجوزية(ت:751هـ), تحقيق: علي بن محمد العمران, دار العالم الفوائد/ مكة المكرمة, 1425هـ.
5. ابن تيمية, مجموع الفتاوى, تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني(ت:728هـ), تحقيق: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم, مجمع الملك فهد، المدينة النبوية، 1416هـ-1995م.
6. ابن سيده, المحكم والمحيط الأعظم, أبو الحسن علي بن إسماعيل بن سيده المرسي(ت:458هـ), تحقيق: عبد الحميد هنداوي, دار الكتب العلمية – بيروت, ط: الأولى، 1421هـ-2000م.
7. ابن سينا, الشفاء (الإلهيات), ابن سينا, تحقيق الأستاذين: الأب قنواتى, و سعيد زايد, راجعه وقدم له: د. ابراهيم مدكور, طبع الكتاب بمناسبة الذكرى الألفية للشيخ الرئيس.
8. ابن عثيمين, شرح العقيدة الواسطية, محمد بن صالح بن محمد العثيمين(ت:1421هـ), دار ابن الجوزي, ط: الرابعة, 1435هـ.
9. ابن عثيمين, شرح القواعد المثلى في صفات الله تعالى وأسمائه الحسنى, محمد بن صالح العثيمين, ط: الثامنة, 1444هـ .
10. ابن فارس, معجم مقاييس اللغة, أحمد بن فارس بن زكرياء القزويني الرازي، أبو الحسين(ت: 395هـ). تحقبق: عبد السلام محمد هارون, دار الفكر, 1399هـ-1979م.
11. ابن مقدم, صفات الله المنفية في الكتاب والسنة, ماهر بن عبدالحميد بن مقدم, مكتبة الإمام الذهبي-الكويت, ط: الأولى, 1435هـ-2014م.
12. ابن منظور, لسان العرب, محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الإفريقى(ت711هـ), الحواشي: لليازجي وجماعة من اللغويين, دار صادر – بيروت, ط:الثالثة- 1414هـ.
13. أحمد, مسند الإمام أحمد, الإمام أحمد بن حنبل(164-241هـ), تحقيق: شعيب الأرنؤوط- عادل مرشد – وآخرون, إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي, مؤسسة الرسالة, ط: الأولى، 1421هـ-2001م.
14. خاڵ, فەرهەنگی خاڵ, شێخ محمدی خاڵ, چاپی یەکەم, ٢٠٢١م, ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ.
15. الأزهري, تهذيب اللغة, محمد بن أحمد بن الأزهري أبو منصور الهروي(ت:370هـ), تحقيق: محمد عوض مرعب, دار إحياء التراث العربي/ بيروت, ط: الأولى، 2001م.
16. الأشعري, الإبانة عن أصول الديانة, للإمام أبو الحسن علي بن إسماعيل الأشعري(ت:324هـ), تحقيق: د. صالح بن مقبل العصيمي, دار الفضيلة/السعودية, ط: الأولى, 1432هـ - 2011م.
17. الأشعري, رسالة إلى أهل الثغر, للإمام أبو الحسن علي بن إسماعيل بن إسحاق الأشعري(ت:324هـ), تحقيق: د. عبدالله شاكر محمد الجنيدي, مكتبة العلوم والحكم/ دمشق, ط:الثالثة، 1436هـ-2015م.
18. الأشعري, مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين, للإمام أبو الحسن علي بن إسماعيل الأشعري(ت:324هـ), تحقيق: د. السعيد بن صابر بن عبده, دار البلد/ مصر, ودار الفضيلة, ط: الأولى, 1444هـ-2022م.
19. آل الشيخ, التأويل وعلاقته بالإيمان والكفر عند الفرق الإسلامية, أ.د. هيا بنت إسماعيل آل الشيخ, دار الهدي النبوي/ مصر, ودار الفضيلة/ السعودية, ط: الأولى, 1435هـ-2014م.
20. آل الشيخ, اللآلىء البهية في شرح العقيدة الواسطية, صالح بن عبد العزيز آل الشيخ, دار الإمام أحمد, ط: الأولى, 1432هـ-2011م.
21. آل خضير, مقالة التفويض بين السلف والمتكلمين, د. محمد بن محمود آل خضير, التكوين للدراسات والأبحاث, ط:الثانية, ١٤٣٧هـ-٢٠١٦م.
22. الباقلاني, الانصاف فيما يجب اعتقاده ولا يجوز الجهل به, القاضي أبو بكر بن الطيب الباقلاني, تحقيق: زاهد الكوثري, ط: المكتبة الأثرية/القاهرة. 1413هـ-1993م.
23. البخاري, الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه, أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري، بيت السنة, مكة المكرمة, ط: الأولى, 1442هـ.
24. البخاري, خلق أفعال العباد والرد على الجهمية وأصحاب التعطيل, محمد بن إسماعيل البخاري(ت:256هـ), تحقيق: فهد بن سليمان الفهيد, مكتبة دار الحجاز, ط: الثالثة, 1435هـ-2014م.
25. البدري, موقف الرازي من آيات الصفات في تفسيره الكبير(مفاتح الغيب) دراسة نقدية تطبيقية في ضوء عقيدة أهل السنة والجماعة, إعداد: سامية بنت ياسين بن عبدالرحمن البدري, مكتبة دار الحجاز, ط: الأولى, 1435هـ

26. البيهقي, الأسماء والصفات, أحمد بن الحسين, أبو بكر البيهقي(ت:458هـ), تحقيق: د. صالح بن علي المحسن, دار الفضيلة/السعودية- دار البلد/ مصر, , ط: الأولى, 1440هـ -2019م.
27. البيهقي, الاعتقاد والهداية إلى سبيل الرشاد على مذهب السلف وأصحاب الحديث, أحمد بن الحسين ، أبو بكر البيهقي(ت: 458هـ), دار الهدي النبوي/مصر, ودار الفضيلة/السعودية, ط: الثانية, 1427هـ - 2006م.
28. البيهقي, الجامع لشعب الإيمان, أحمد بن الحسين، أبو بكر البيهقي(ت: 458هـ), تحقيق: د. عبد العلي عبد الحميد حامد, مكتبة الرشد, ط: الثالثة، ١٤٣٢هـ - ٢٠١١م.
29. الترمذي, السنن, محمد بن عيسى، الترمذي، أبو عيسى(ت:279هـ), تخريج: الحافظ أبو طاهر زبير علي زئي, دار السلام- الرياض, 1430هـ-2009م.
30. التفتازاني, شرح العقائد النسفية, سعدالدين مسعود بن عمر التفتازاني, تعليق: عبدالسلام بن عبدالهادي شنار, انشارات امام رباني- مريوان/ ايران, ط: الأولى, 1393هـ.
31. التميمي, الصفات الإلهية, د. محمد بن خليفة بن علي التميمي, أضواء السلف, ط: الأولى, 1422هـ-2002م.
32. التميمي, مقالة لتعطيل الجعد بن درهم, د.محمد بن خليفة التميمي, أضواء السلف, ط: الأولى, 1422هـ-2002م.
33. التميمي, مواقف الطوائف من توحيد الأسماء والصفات, د.محمد بن خليفة التميمي, أضواء السلف, ط: الأولى, 1422هـ-2002م.
34. الجديع, العقيدة السلفية فى كلام رب البرية وكشف أباطيل المبتدعة الردية, عبد الله بن يوسف الجديع, مؤسسة الريان, ط: الثانية، 1430هـ-2009م.
35. الجرجاني, كتاب التعريفات, علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني(ت:816هـ), تحقيق: جماعة من العلماء, دار الكتب العلمية بيروت, ط: الأولى 1403هـ -1983م.
36. الجزائري, فروق اللغات, نور الدين بن نعمة الله الجزائري(ت1158هـ),مؤسسة النشر الإسلامي التابعة لجماعة المدرسين بـ (قُمّ),الترتيب : بيت الله بيات،ط:الأولى، 1412هـ. طبع مع كتاب الفروق اللغوية لأبي هلال العسكري.
37. الجوهري, الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية, أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي(ت:393هـ), تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار, دار العلم للملايين– بيروت, ط: الرابعة, 1407هـ-1987م.
38. الغزالي, تهافت الفلاسفة, أبو حامد محمد الغزالي(ت505هـ), تحقيق:د.سليمان دنيا, ط:الثامنة, دار المعارف, القاهرة.
39. الديبو, مسائل العقيدة عند المتكلمين في ضوء كتب الحديث التسعة, د. إبراهيم الديبو, دار الإيمان– دار طيبة, ط: الأولى, 1435هـ-2014م.
40. الرديعان, عقيدة الأشاعرة دراسة نقدية لمنظومة جوهرة التوحيد لبرهان الدين اللقاني على ضوء عقيدة أهل السنة والجماعة, حسان بن إبراهيم الرديعان, دار التوحيد, ط: الأولى, 1434هـ-2013م.
41. سعيداني, النفي في باب صفات الله عزوجل بين أهل السنة والجماعة والمعطلة, أبي محمد أزروقي بن محمد سعيداني, مكتبة دار منهاج-الرياض, ط: الثانية, 1431هـ.
42. صوفي, الأصول التى بنى عليها المبتدعة مذهبهم في الصفات والرد عليها من كلام شيخ الإسلام ابن تيمية, د. عبدالقادر بن محمد عطا صوفي, دار الخزانة/الكويت, ط: الأولى, 1441هـ-2020م.
43. عبدالقاهر, تفسير الأسماء والصفات, أبو منصور عبدالقاهر البغدادي الشافعي الأشعري(ت:429هـ), تحقيق: د. أحمد رجب أبو سالم, دار الضياء/ الكويت, ط: الأولى, 1442هـ -2021م.
44. العسكري, الفروق اللغوية, أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل العسكري(ت:395هـ), مؤسسة النشر الإسلامي التابعة لجماعة المدرسين بـ (قُمّ), الترتيب : بيت الله بيات،ط:الأولى، 1412هـ. طبع مع كتاب فروق اللغات, نور الدين بن نعمة الله الجزائري(ت1158هـ).
45. القاضي, مذهب أهل التفويض في نصوص الصفات, د.أحمد بن عبدالرحمن بن عثمان القاضي, دار العاصمة, الرياض, ط:الأولى,1416هـ-1996م.
46. اللقاني, جوهرة التوحيد, إبراهيم اللقاني, مطبوع ضمن: شرح جوهرة التوحيد, دار الدقاق, ط: الأولى, 1441هـ-2019م.
47. المالكي, شرح جوهرة التوحيد, عبدالسلام إبراهيم اللقاني المالكي, تعهده واحتفى به: علاء سمير الطوخي الطواف, دار الدقاق, ط: الأولى, 1441هـ-2019م.

48. المحمود, موقف ابن تيمية من الأشاعرة, عبد الرحمن بن صالح بن المحمود, دار ابن الجوزي– الرياض, ط: الثانية، 1434هـ.
49. مسلم, المسند الصحيح المختصر من السنن بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله, أبو الحسين مسلم بن الحجاج النيسابوري(ت:261هـ), تحقيق: أبو قتيبة بن محمد الفاريابي, دار قرطبة, ط:الثانية, 1430هـ- 2009م.
50. المناوي, التوقيف على مهمات التعاريف, زين الدين محمد المدعو بعبد الرؤوف بن تاج العارفين بن علي المناوي (ت:1031هـ), عالم الكتب/ القاهرة, ط: الأولى، 1410هـ-1990م.
51. المولوي, الفضيلة مع شرح الوسيلة, شرحه عبدالكريم محمد المدرس وسماه: الوسيلة في شرح الفضيلة, , دار إحياء التراث العربي/ بيروت, ط: الأولى, 1437هـ-2016م.
52. مەولەوی, دیوانی مەولەوی, سيد عبدالرحيمی مەولەوی, کۆکردنەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریم مودەڕیس, بڵاوکەرەوەی کوردستان, سنە, ایران, 1378ھ.
53. مەولەوی, دیوانی مەولەوی, مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی, کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی, چاپی یەکەم, ناوەندی راگەیاندنی ئارا, ٢٠١٥.
54. مەولەوی, زوبدەی عەقیدە, مامۆستا عبدالرحيمی مەولەوی, ئامادەکردن و هێنانەوە سەر ڕێنووسی نوێ: حەمە صالحی مەلا محمدی گەلاڵە, چاپی یەکەم, ٢٠٠٠م.
55. مەولەوی, شەرحی فەوائیحی مەولەوی, , ڕاڤە و لێکدانەوەی: د, سەباح بەرزنجی, چاپی یەکەم, ٢٠٢٤, سلێمانی.
56. مەولەوی, عقیدەی مرضیە, مامۆستا عبدالرحيمی مەولەوی, لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریم مودەڕیس, پێداچوونەوە: فاتح عبدالکریم, ١٤٠٧ھـ-١٩٨٨م.
57. مەولەوی, عەقیدەنامەی کوردی بە کورتی, سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزی, دۆزینەوە و ساغکردنەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی, ئامادەکردنی: عادل لەتیف مەولەوی, ٢٠١٢٤.
58. مەولەوی, عەقیدەی مەولەوی, لەگەڵ کۆمەڵێک نووسین و شیعری تردا بڵاوکراوەتەوە بەناوی: دەقنامە بەیت و هۆنراوە کوردییەکان-بەرگی یەکەم-, محمد علی قەرەداغی, دەزگای چاپی ئاراس, چاپی یەکەم, هەولێر, ٢٠٠٨م.
59. النجدي, النهج الأسمى في شرح أسماء الله الحسنى, د. محمد الحمود النجدي, مكتبة الإمام الذهبي/ الكويت, ط: السادسة, 1436هـ -2015م.
60. النووي, تهذيب الأسماء واللغات, أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي(ت:676هـ), دار الكتب العلمية/ بيروت, النشر بالشاملة: 1431هـ.




SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034